# میتافۆر لە شیعردا

**پ.ی.د. ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا**

**چاپی یەکەم**

٢٠٢٢

**پێناسی کتێب**

**ناوی کتێب: میتافۆڕ له شیعردا**

**نووسینی:پ.ی.د. ڕۆژان نوری عەبدوڵلا**

**دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم ساڵح**

**چاپخانە: چوارچرا**

**ژمارەی دانە: ٥٠٠ دانە**

**ساڵی چاپ: چاپی یەکەم- مانگی ٨- ٢٠٢٢**

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی ( ١٥٢٧ ) ساڵی ٢٠٢٢ ی پێدراوە**

# پێڕست

پێشەکی: ........................................................ ٥

بەشی یەکەم: ................................................... ١٢

پێناسەی میتافۆر.................................................. ١٢

بەشی دووەم: ................................................... ٢٢

میتافۆر لە شیعردا: ............................................ ٢٢

سەرچاوەکان..................................................... ١٠٥

سەرچاوەی نموونەکان......................................... ١٠٧

کورتەیەک لە ژیاننامەی نوسەر............................ ١١١

## پێشەکی:

میتافۆر بزوێنەری وزەی دەربڕینە لە زماندا، بۆبەرهەمهێنانی واتای نوێ بەکاردەهێنرێت، بەتایبەتی لە بواری سامانی زاراوەسازییدا، لە پەرەپێدانی پەیوەندییە مەعریفییەکاندا سوودی لێ وەردەگیرێت.

بەکارهێنانێکی گرینگی میتافۆر دەوڵەمەندکردنی زمانە، لەبەرئەوەی هەندێک پەرەسەندن و فراوانبوونی واتایی بەهۆی میتافۆرەوە دروست دەبێت، دواتر دەپەڕێتەوە بۆ ناو ئاخاوتنی ڕۆژانە و بۆی هەیە بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە، لەزماندا وەک وشەی ڕەسەنیان لێبێت.

مرۆڤ ناتوانێت تەنیا بەو وشانەی، کە لە فەرهەنگی زمانەکەیدا هەیە، لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەمدا خۆی بگونجێنێت و جێبەجێ یان بکات، هیچ زمانێک ئەو توانایەی نییە، بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم تەنیا بە ڕەگە بنجییەکانی مەبەست دەرببڕێت، بۆیە زمانەکان بۆ دەربڕینی واتاو چەمکی تازە پەنا دەبەنە بەرچەند ڕێگایەک، کە یەکێکیان میتافۆرە.

میتافۆر، ڕۆڵێکی گرینگی لە پەرەسەندنی وشە و دەوڵەمەندکردنی زماندا هەیە، بەهۆی میتافۆرەوە

وشەی تازە دەکەوێتە ناو فەرهەنگی زمانەوە و هەندێ وشەی فەرهەنگی کە ئێستا بەکاردەهێنرێت، لە بنچینەدا میتافۆربوون.

میتافۆر، لەبواری وێژەیی و ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، چالاکییەکی بەرچاوی هەیە، بەڕادەیەک زۆربەی وشە فەرهەنگییەکان، بەواتای بنجی و میتافۆریش بەکاردێن، زۆر نموونەی بەکارهێنانی وشە لە زماندا هەیە، لە ئاستی مەدلوولی یەکەمەوە بۆ ئاستی مەدلوولی دووەم، بە پڕۆسەی ئاڵوگۆڕبووندا تێپەڕبوون، بەهۆی سیاقی بەکارهێنانەوەوە وەک میتافۆر دەردەکەون: { سەری ساڵ، بن باڵی دۆڵ، پرچی شیعر، زمانی پێڵاو، سەرو چاوی کانی، قسەی پووچ، بیری نەزۆک... هتد }.

هەروەها زۆربەی دەربڕینەکانمان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەین میتافۆرن، لەبەرئەوەی بە واتای بنەڕەتی خۆیان بەکارنایەن، ئاخێوەرانی زمان ڕۆژانە چەندین وشە و دەستەواژەی وەک ئەمانەی خوارەوە دەڵێن و دەبیستن: (سڵاوێکی گەرم، کەسێکی ساردە، ساڵێکی هاتە، لووتی بەرزە، دانی پێدانا،بێ دڵە، بێ زمانە، ڕۆحی بردم، بنەکوندە، زمانیان لێ داوە، سکی سوتا، دڵی شکاندم، هەستی بریندارمەکە، خۆی کڕییەوە، خۆفرۆش، دەست درێژ، بیرێکی کراوەی هەیە....)،

تەنانەت بەشێکی زۆری ناو و ئاوەڵناو و کارەکان، جگە لە واتای بنەڕەتی بە واتای میتافۆریش بەکاردێن.

**(سپی):**

کراسێکی سپی: واتای بنەڕەتی ـ (فەرهەنگی)

↓

بەختێکی سپی: میتافۆر

**(گران):**

خانووەکە گرانە: واتای بنەڕەتی (نرخ)

↓

ژنێکی گرانە: کەسایەتی هەیە

↓

دەستی گرانە: (لێدان)

گوێی گرانە: (باش نابیستێ.

**(بڕین)**

قوماشەکەی بڕی : واتای بنەڕەتی

↓

کێشەکەی بڕییەوە: میتافۆر

(نەزۆک): ژنێکی نەزۆکە (واتای بنەڕەتی)

بیرێکی نەزۆکە، خەونێکی نەزۆکە (میتافۆر)

**(نووستن):**

منداڵەکە نووستووە: (واتای بنەڕەتی)

↓

بەختی نووستووە: (میتافۆر)

بۆیە میتافۆر، رۆڵێکی گرینگ لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا دەبینێت، لەبواری ئەدەبیشدا، بەتایبەتی لە شیعردا، میتافۆر بەکارهێنانێکی فراوانی هەیە. شاعیران بەهۆی بەکارهێنانی میتافۆرەوە، داهێنان ئەنجام دەدەن، جگە لەمە لە میتافۆردا واتا پتر چڕدەبێتەوە و بەناڕاستەوخۆیی دەردەبڕدرێت، کە زۆربەی جار ئەم شێوازەی دەربڕینە، کاریگەری زیاتر لای وەرگر بەجێدەهێڵێت. بۆی هەیە دواجار بەهۆی ئەو پەیوەندییەی، کە لەنێوان زمانی ئەدەبی و ئاخاوتنی رۆژانەدا هەیە، ئەم میتافۆرانە بپەڕنەوە ناو فەرهەنگی زمانی ئاسایی و ڕۆڵێکی گرینگ لە ئاستی واتادا ببینن.

هەروەها میتافۆر هۆکارە بۆ دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی بیر و تێڕوانینمان، هۆکارێکیشە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە وشەییەکانی قسەپێکەران و لە ڕوی ئابوریشەوە، یارمەتیدەرێکی باشە، کە زمان بتوانێت، سود لە وشە فەرهەنگییەکانی خۆی وەربگرێتەوە و دوبارە بەگێکی تازەیان بە بەردا بکاتەوە و بۆ واتا و مەبەستی نوێ بەکاریان

بهێنێتەوە ، دەربرینە میتافۆرییەکان، دورکەوتنەوە نین، لە ژیان و لۆجیک، بەڵکو بەرجەستەکردنی ژیانیان تێدایە، شاعیران سودێکی زۆریان لە دەربڕینە میتافۆرییەکان بینیوە، بەمەبەستی باشتر تێگەیشتن لە هەندێ چەمکی دیاریکراو و هەروەها وەک لایەنێکی جوانکاری و دەربڕینی هەست و سۆز و دروستکردنی وێنەی هونەری، بەکارهێنانی فۆرمێکی زمانیی بۆ پتر لە واتایەک، لای شاعیران پەیوەستە بە پرۆسەیەکی دانەبڕاوی بیرکردنەوەی لۆجیکییانەی مرۆڤەوە، لەپاڵ هەبوونی ئەزمون و پاشخانێکی ڕۆشنبیری بەپێزەوە. دروستکردنی وێنا میتافۆرییەکانیش، بریتییە لەو دۆخەی کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا، پتر چەمکە کۆنکریتی و بەرجەستەییەکان بەکاردەهێنێت، بۆ تێگەیشتن لە چەمکە ئەبستراکتەکان.

کۆمەڵە هۆنراوەی (مۆسیقای نامۆیی) و (پاییزی نیگەرانی) (هاوژین صلیوە)، خاوەنی تایبەتمەندی خەیاڵی بەپێزو چەندین وێنەی داهێنراوی میتافۆریین، شاعیر، توانیویەتی وشە لەبواری بنەڕەتییەوە، بۆ بوارێکی ترو بە واتایەکی تر لە دیاردەکانی دەوروبەروسروشت بەکاربهێنێت و چەند وێنەیەکی میتافۆریی نوێی سازکردووە، بۆ باشتر تێگەیشتن لە هەندێ چەمکی دیاریکراو.

بۆیە هەوڵماندا، لێکۆڵینەوەیەکی پڕاکتیکی، بەهۆی خستنەڕووی چەند نموونەیەک لەو میتافۆرانەی بەکاری هێناوە، ئەنجام بدەین و تاڕادەیەک لە ڕوی زمان و ئاستی واتاوە شیکردنەوەیان بۆ بکەین و خوێنەر بە چۆنیەتی دروستبوونی وێنە و دەستەواژەی میتافۆریی ئاشنابکەین، چۆن دیارخەرو دیارخراوێک کە هاوڕێیەتیان لەگەڵ یەکدیدا نییە، دەخرێنە پاڵ یەکتری، هەروەها دۆخی بەزاندنی سیما واتاییەکان و هاتنی بکەرێک یان بەرکارێک لەگەڵ کارێکدا، کە لەوە و پێش، بەو شێوەیە هەڵی نەبژاردووە.

لێکۆلینەوەکە، لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، بەشی یەکەم:پێناسە و جۆرەکانی میتافۆر لەخۆی دەگرێت، بەشی دووەم: بریتییە، لە میتافۆر لە شیعردا و وێنەی شیعری، لەگەڵ هەڵبژاردنی چەند نمونەیەکی میتافۆری لە کۆمەڵە هۆنراوەی (مۆسیقای نامۆیی) و (پاییزی نیگەرانی) دا.

لە توێژینەوەکەدا، گرینگی بەسەربەستی بەکارهێنانی وشە لە سیاقی وتاری شیعریدا دراوە ، بە پێی بوارو دۆخی وێنە و پێکهاتەی شیعریی.

سەرچاوەی نموونەکانمان، ئەو میتافۆرانەن، کە لەلایەن شاعیرەوە بەکارهاتوون، بە چەند شێوازێکی

جیاواز، پشت بە ڕێبازی وەسفی شیکاری، لە شیکردنەوەی نموونەکان و چۆنیەتی دروستبوونی وێنە میتافۆرییەکان بەستراوە.

هەوڵمان داوە، بەشێوازێکی نوێ، وێنە میتافۆرییەکان و پەیوەندی نێوان دال و مەدلوولی یەکەم و مەدلوولی دووەم، لە شێوەی هێڵکاریدا نیشان بدەین.

# بەشی یەکەم:

# پێناسەی میتافۆر

چەندین پێناسە و بۆچوون لەبارەی میتافۆرەوە کراوە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

وشەی میتافۆر((Metaphor)) یۆنانییە و بە مانای ((گواستنەوە)) دێت، بۆیەکەمجار ئەرستۆ بەکاریهێناوە، وەک سیفەتێکی شتێک دەگوێزرێتەوە بۆ شتێکی تر یان مرۆڤ یان لە سروشتەوە بۆ مرۆڤ و بە پێچەوانەشەوە، ئەمە گرینگترین و بڵاوترین فیچەری زمانە کە تیایدا، یەک شت بیر یان کارێک بە و شە و دەربڕین دەگەڕێندرێتەوە بۆ شت، بیر، کارێکی تر، چونکە هەندێ خاسیەتی هاوبەشیان هەیە))، (پیتەر هالبێرگ:٢٠١٠: ٧٩).

میتافۆر، لەلای زانایانی روونبێژیی، بریتییە لە گواستنەوەی وشەیەک لە واتای بنەڕەتییەوە، بۆ گەیاندنی واتایەکی نوێ. زمانەکان، ئەم شێوازە بۆ پەرەپێدانی زاراوەی نوێ بەکاردەهێنن، زاراوەی نوێ لەسەر بنچینەی بێژەی کۆن بۆ واتاو چەمکی نوێ دادەنێن. لەم دۆخەدا، وشە دەبێتەخاوەنی واتایەکی

نویَ، لـه جێگـای واتـای کۆن و لـەنـاوچووەکـەی، یـان دەبێتـە هـەڵگـری دوو واتـا، واتایـەکـی نـویَ و واتـای دێرین، لەم دۆخەی دواییدا، دەچێتە خانەی فرەیی لـە واتادا. (علی القاسمی: ١٩٨٨: ٩٩).

(ادونیس) دەڵێت:((شتیَ نییە نەتوانین گوزرشتی لـیَ بکـەیـن بـەڵام ئـەرکـی زمـان قۆسـتنەوەی ئـەو دەربڕینانەیە کە پێیڕانەهاتووین))، (بەکرعومـەرعـەلی: ٢٠٠٠: ١٦).

دەکـریَ دەربڕینێکـی وەک (کۆترێـک لـە ئـاگر)، لـە دەوروبەرێکی تایبەتیدا، لێکدانەوەی بۆ بکرێت، ئەوەی لـە واقیعـدا، بـە لۆجیـک دانانـدرێت، دەکـریَ لـە ڕێـی میتافۆرەوە ئەنجام بدرێت و لەدەوروبەرێکی تایبەتیدا لێکدانـەوەی بـۆ بکرێـت. وەک ئـەوەی دەسـتەواژەی (کۆترێـک لـە ئـاگر)، هـی شـاعیرێک بێـت و ئـەو شـاعیرەش جـەرگـی سـوتابێت، دیوانـە شـیعرییەکـەی بەم ناوەوە ناوبنێت.

بە بەراوردکردنـی ئەو پەیوەنـدییەی، کە لە نێـوان میتـافۆر و لێکچواندنـدا هەیە، دەتـوانین بەم شـێوەیە پێناسـەی بکەین:

((بەکارهێنـانی وشـەیەکە بـۆ مانـایەکی دیکـە، ئەو وشـەیەی کەلەبـری شـتێک بەکاردێـت.لێکچوانـدنێک هەیە لەنێـوان لێخواسـتراو و بۆخواسـتراودا، لە لێکچوانـدا مەرجە هەردووبـنەڕەتەکە لێچوولەوچـوو

هـــاتبن، بەڵام لە خواســـتندا یەک لەم دوو بـــنەڕەتە هـــاتبن بەســـە، لەخواســـتندا تەنیـــا یەکێـــک لەبنەمـــا ســـــەرەکییەکان دەردەکەوێـــــت ئەویـــــش بەزۆری لێخواستراوە. هەندێ جار بۆخواستراو دەردەکەوێت، ئەوسا لێ خواستراو دەرناکەوێت تەنیا پەیوەستێک لە لێخواســـتراو وەردەگرێـــت، ئەو کـــاتە خواســـتنی درکـــاو دروســـتدەکات))، (هـــاوژین صـــلێوە:٢٠٠٩ ١٤).

هۆکارێکی گرینگی میتافۆر، دەوڵەمەندکردنی زمان و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەیە، کە بەهـۆی سنوورداریی وشـــەوە لە زمانـــدا دروســـت دەبێـت (وشـــە لە ڕووی ژمـارەوە لە هەمـوو زمانێـکدا سـنوری هەیە و لەبـن دێـــت، بە پـــێچەوانەی واتـــاوە، کە هەرگیزاوهەرگیـــز کۆتـایی نـایەت و هەمیـشە لە پەرەسـەندن دایە، ئەم ڕاسـتییە وای لە میللەتـان کـردووە، هەنـدێ وشـــە لە زمانەکانیانـدا بـۆ دوو واتـا یـان پتـر بەکـاربهێنن. لە زانستی زمـان و هـونەری ڕەوانبێژیشدا، ئەو وشـانە بە چەشـــنێکی تـــایبەتی بـــاس دەکـــرێن ولێیـــان دەکۆڵـــدرێتەوە، ســـەرەنجام ئەو وشـــەیەی کە بـــۆ واتایەکی نوێ لە زمانی لاتینی و زمـانە زیندووەکانی ئەوروپـــادا بەکاردێـــت پێـــی دەوترێـــت میتەفـــۆر (Metaphore)، (کامـــل حەســـەن بەســـیر: ١٩٧٩: ٥٨).

جاحز دەڵێ: ((خواستن ناونانی شتێکە بە شتێکی تر ئەگەر شوێنی گرتەوە))، (هیتلەر ئەحمەد: ٢٠٠١: ١٣) بە پێی ئەم پێناسەیە، دەبێ لە نێوان وشە بنەڕەتییەکە و واتا میتافۆرییەکەدا، لێکچوون و پەیوەندییەک هەبێت، لە هەر ڕویەکەوە بێت، جوانی یان ئازایەتی یان لێهاتوویی یان وردی و زیرەکی و خێرایی (مخلوف سید أحمد:٢٠١٠: ٤٩).

ئەم جۆرە ئاڵوگۆڕبوونەی نێوان وشە و واتاکان لە سیاق و دەوروبەری بەکارهێناندا، لە زمانەوانی نوێدا، گرینگی پێدەدرێت، لە بەرئەوەی هۆکارێکە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی واتا و وشەی فەرهەنگی.

میتافۆر بەشێکە لە زمانی بە وێنە،((زمانی بە وێنە چەترێکە چەردەیەک دەربڕین و شیکردنەوەی هەمەجۆرلە خۆیدا کۆدەکاتەوە، میتافۆر یەکێکە لەو هونەرانەی کە بەهۆیەوە زمانی بە وێنە دادەڕێژرێت و لە سەر بنەمای پەیوەندی ((**لێکچوون**))،(پیتەر هالبێرگ: ٧٧:٢٠١٠).

ـ یەکێک لە جۆرەکانی میتافۆر ((گواستنەوەی واتایە، لە ناوێکی تایبەتییەوە بۆ ناوێکی گشتی، زۆر لە پاڵەوانانی چیرۆک یان ڕۆمان، کە سیفەتێکی زەقی دیاری دەبێت (چاک یا خراپ)، دەبێتە ناوێکی گشتی و ناو لەهەموو کەسێک دەنرێت کە ئەو سیفەتە هەڵگرێت))، (صباح ڕەشید:٢٠٠٠: ١٨٨).

چەنـدین نمـوونەی لەم جـۆرە، لە ژیـانی رۆژانەدا بەرچاودەکەوێت:

ـــــ هەنـــدێکجار، ڕووداوێکـــی راســـتەقینە کە ڕوودەدات، وێنەیەکـی زمـانی (هۆشـەکیـی) لە لای خەڵکی دروست دەکات و دواتـر دەبێتە خـوازەیەکی زمـانیی، بـۆ هەر ڕوداو یـان هەڵوێستێکی لەو جۆرە، بۆنمونە:(لافاوی عەدەبەرەک)، خوازەیەکە بۆ لافاوێکی بەهێز، کە لە وەرزی هاویندا، لـەشـاری کۆیـەدا ڕو یداوە، ئەم پیاوە کە ناوی (عەدەبەرەک) بووە، هەوڵی داوە، لە ڕوبارێکدا بپەڕێتەوە، لەکاتی لافاوەکەدا و لە ئاوەکەی داوە، هەرچەندە، خەڵکی پێیان گوتووە، کە نەپەڕێتەوە و ترسناکە، بەڵام ئەم گوێی بە قسەکانی ئەوان و لافاوەکە نەداوە، خۆی ئەسپەکەی لە ئاوەکە داوە، ئیتـر لـە ئـەنجامـدا،ئەم لافـاوە (عـەدەبـەرەک) و ئەسـپەکەی بـردووە و هـەردووکیـان خنکـاون. لـە ئێستادا کاتێک ڕووداوێکی هاوشێوەی ئـەمـە دێتـە پێش، یان بارانێکی بەهێز لە وەرزی هاویندا دەبارێت و لافـاو هـەڵـدەسـتێنێت، دووبـارە ئـەم میتـافۆرە دەووترێت و بەکاردەهێندرێتەوە و دەگوترێت: لافاوی عەدەبەرەکە!

ــ بـەهـۆی ئـەو بارودۆخـە خراپـەی کـە بـەسـەر هـەرێمـی کوردستاندا هـاتووە، لـە ڕووی ڕامیـاری و ئابوورییەوە، میتافۆری (معاشـەکـەت جوانـە)، (ئـاگری

شۆڕشـی سـپی کـپ ناکـەیـن)، کـەوتـە نـاو ئاخـاوتنی ڕۆژانەوە، کە هەردوکیان، دەربڕینی میتافۆریین:

یـەکـەم: دەربڕینێکـی میتـافۆریی تـەنزئـامێزە، (جـوان)،لـەم ڕسـتەیـەدا بـەواتـای بنـەڕەتـی خـۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو بەواتایەکی پێچەوانە (ناشیرین، خراپ، نەبوونی) بەکارهاتووە.

دووەم: میتافۆرێکە، بەواتای خەباتی ئاشتیخوازانە دێت.

بە پێی بنەمای دەرکەوتنی واتای بنەڕەتی و واتای خوازراو، دەتوانین میتافۆر بۆ دووجۆری ئاشکراو درکاو دابەشبکەین:

لە خواستنی ئاشکرادا، واتا بنەڕە تییەکە (لێچوو)، دەردەکەوێت،واتای خوازراو لەوچوو ناوترێت،بەهۆی پەیوەنـدی، یـان وێـنەی ڕەمـزییەوە دەزانـین،کە مەبەست واتا خوازراوەکەیە،نەک ڕاستەقینەکە.

**_ خواسـتنی درکـاو (الاسـتعاره المكنيـة)**: ئەم جـۆرە، بە درکە (کنـایە)، تێکهەڵکـێش دەکرێـت، کە ڕەمـزێکە، بە وشـە یـان پێکهـاتە دەردەبڕدرێـت، مەبەسـت واتـایەکی تـرە، کە ئـاخێوەر دەیەوێـت جێگیری بکات.

درکە بریتییە لە ((بەکارهێنانی وشەیەک لە جیاتی وشـەیەکی تـر، کە پەیوەنـدی کـات یـان شـوێن، لە نێوانیاندا هاوبەشبێت))،(بەکر عومەر: ٨٦:٢٠٠٠).

یان ((شێوەیەکی ئاخاوتنە، کە جێگەی ناوی شتێک بە ناوی چەند شتێکی تر دەگرێتەوە، کە یەکسەر ئەوت بیردەخاتەوە، بۆ نموونە بوتڵ و خواردنەوە، رۆژنامە - رۆژنامە نووس، تەنوورە و ژن،مۆزارت بۆ مۆسیقای مۆزارت))، (پیتەر هالبێرگ: ۲۰۱۰: ۸۱).

زۆر لە دەربڕینەکانی رۆژانەمان میتۆنیمین، بۆنموونە کە دەڵێین (**من نالیم خۆش دەوێت**)، مەبەست ئەوەیە: (**بەرهەمەکانی یان نووسینەکانی نالیم خۆش دەوێ**)، پەیوەندی نێوان **نالی** و **بەرهەمەکانی** زۆر ئاشکرایە.

_ **خوازەی بەڕەڵڵا**: جان کوهین، پێی وایە کە کردەی گۆڕانی واتا لە خۆوە ڕونادات، هەروەک لە وتاری خواستن ودرکەدا دەبینرێت، لە بەرئەوەی لەنێوان مەدلوولی یەکەم و مەدلوولی دووەمدا، پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ هەیە، کە لەگەڵ یەکتریدا شیاو و گونجاون، ئەگەر پەیوەندییەکە لێکچواندن بوو، بە خواستن دادەندرێت، بەڵام ئەگەر هاوسێیەتی بوو،درکەیە. هەروەها ئەگەر لەسەر بنەمای پەیوەندی بەش بە گشت بوو، ئەوکاتە خوازەی بە ڕەڵلایە (رابع بوحوش:۲۰۰۹:۲۲۰). شاعیر بەهۆی خوازەی بەڕەڵڵاوە، وشەیەک بۆ بوارێکی تر دەگوازێتەوە و بەکاری دەهێنێت، بەهۆی ئەمەش جۆرە لەجێچوون یان خزینێکی واتایی روودەدات.

لەسەر بنەمای ئەم دابەشکردنە، دەتوانین دوو بۆچوون وەربگرین:

بۆچوونی یەکەم: متافۆر مەجازە لە سەر بنەمای پەیوەندی و وێنەی رەمزی دامەزراوە.

بۆچوونی دووەم:میتافۆر جۆرە لێکچواندنێکە، کە یەکێک لە بنەڕەتە سەرەکییەکانی لادراوە .

بەم جۆرە میتافۆر لەسەر بنەمای دوو بنەڕەت دابەش دەکرێت: لەخواستنی راگەیاندراودا (دەربڕاو)، لێ خواستراو دەردەبڕدرێت و بۆ خواستراو دەرنابڕدرێت، بەهۆی پەیوەستێکەوە دەزانرێت، کە مەبەست واتا راستەقینەکە نییە، بەڵام لە خواستنی درکاودا، لێ خواستراو دەرناکەوێت، بەڵکو تەنیا بۆخواستراو دەردەکەوێت.

**میتافۆرە باوەکان (سواوەکان):** هەندێک جۆری میتافۆر بەڕادەییێک بڵاون، کە تەنانەت ئێمە هەستیان پێ ناکەین، کە ئەوانە لە بنچینەدا، دەربڕینی میتافۆریین، لەبەرئەوەی پێکهاتەکانیان سواون و زۆر دوبارەبونەتەوە، بەمجۆرە میتافۆرانە دەگوترێت: (میتافۆرە باوەکان ـ سواوەکان)، بۆنموونە: لەکاتی گەشتکردندا،کە بەڕێگایەکدا دەڕۆین، چەند تابلۆیەک دەبینین کە تێیاندا نوسراو: ( **ژیان لێرەوە دەست پێدەکات، شاری خەونەکان، دەشتی بەهەشت، فڵانە شت بکڕە و ژیان ببەرەوە،...هتد).**

بەهەمـان شـێوە، میتـافۆر لە وشـەکانی بەسـتە و گۆرانیـشدا دەردەکەوێـت، بەسـتەو گـۆرانی میللـی ژمـارەیەکی زۆر میتافۆریـان تێـدایە، کە وا هەسـت دەکەیـن بەهـۆی دوبـارە بوونەوەیـان و زۆر بەکارهێنانیانـەوە سـواون و وەک دەربڕینـی باویـان لێهاتووە.

((کاکە، شەمار چەند خۆشـە دەمـەک دێ، دەمـەک نایێ

یـارم گـەلـەک جوانـە ڕوومـەت گـوریێ بیزایـێ))، (سەعدوڵڵا شێخانی: ١٩٩٠: ٣٧)

ڕوومەت گوریێ بیزایێ: میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە.

وشـەی (گـور)، دەربڕینێکـی ناوچـەییـە، کـە لـە ستانداردا، وشەی (گوڵ) بەکاردێت.

((لـەگـەر تومـە ئـەی ڕابیـە بـەژنـت شـترە شـەنگەبیە

جۆت لیمـۆت لـەسـەر سنگیە دامـەزرانـی وەک قەندیە)) (س. پ: ٣٨)

بەژنت شترە شەنگەبییە: میتافۆرێکی کارییە.

بەژنی یاری بە شترە شەنگەبی چواندووە.

لیمۆ / میتافۆرێکە خوازراوە بۆ سینگی یار، قەند بۆ جوانی و سپییەتی خوازراوە.

((ڕاوەستاوە ڕاوەستایە بەژنی داری خورمایە

مەمکی لیمۆی بەغدایە

گـۆتم بینــە ماچــت کــەم گــەردن شووشــەی لامپایە)،(س.پ: ٩٩)

(بـەژنـی داری خورمایـە، مـەمکـی لیمـۆی بـەغدایـە، گــەردن شووشــەی لامپایــە)، ســێ دەســتەواژەی میتافۆریین.

## بەشی دووەم:

## میتافۆر لە شیعردا:

ئەرکی شیعر بەهۆی پێگەکەیەوە، لە چوارچێوەی ئەرکەکانی تری زماندا، دیاری دەکرێت. لێکۆڵینەوە لە زمانی شیعر، بە شێکە لە زانستی زمان، کە زانستێکی فراوانە، توێژینەوە لە بونیاتی زمان دەکات. (گرینگی پێدانی ئەم بوارەش لەگەڵ جاکۆبسن و تیۆرە کەی {زمانەوانی گەیاندن} دەستی پێکرد، کە چەمکی پەیامی تێدا پێشکەش دەکرێت،لەگەڵ بەرهەمهێنانی چەند واتایەک وەک ئەرکی شیعریی بۆ گەیاندنی مەبەستی پەیام (محمد الولی: ١٩٨٨: ٢٧).

**وێنەی شیعری:**

لە سەردەمی کۆنەوە، شیعر گرینگییەکی زۆری پێدراوە و لە روانگەی جیاوازەوە تێڕوانینی بۆ کراوە، بە پێی جۆری ڕەخنەگر و ڕێبازەکانیان هەڵسەنگاندی لەبارەوە کراوە، لەلای یۆنانییەکان شیعر وێنەیەکی وتەبێژە، وێنەش شیعرێکی بێدەنگە،لای عەرەبەکانیش هونەرێکی وێنەییە. (یحیی الشیخ صالح: ١٩٧٨: ٣١٧).

((وێنە لە رەخنەی ئەوروپیدا (image)ی پێ

دەوترێـــت کە وشـــەیەکی ئینگلیـــزییە))،(ســـەردار ئەحمەد:٢٠٠٤:٢٥) وشـەی Imagination بە واتـای خەیـاڵ دێت، لەبەرئەوەی خەیـاڵ ڕەگەزێکـی گرینگـی شـــیعرە و لە دروســـتکردنی وێـــنەی هونەریـــدا، بەشـــدارییەکی فـــراوان دەکـــات. ئەم گرینگـــی دانە بە شـــیعر، زاراوەی وێـــنەی شـــیعری لێکەوتـــۆتەوە، کە ڕەگەزێکـــی زینـــدووە لە ڕەگەزەکـــانی پێکهـــاتەی دەروونی ئەزموونی شیعری شاعیر.

دوو ئاستی کارلێککردن لە وێنەی شیعریدا هەیە، ئەوانیش: ئاستی (دەروونـی) و(ئاستی واتاییە)، یان ئەرکی دەروونی و ئەرکی مەعنەوییە، شیعر دەربڕی هەموو ئەو هەست و نەست و خەیاڵانەیە، لە ناخی شاعیرێکدا پەنگی خواردۆتەوە و لە دەقێکی شیعریدا بەرجەســـتە دەبێـــت، ((وێـــنە ڕەنگـــدانەوەی بـــارێکی دەروونـــــی دیـــــاریکراوە،کە شـــــاعیر بەرامـــــبەر هەڵوێـــــستێکی دیـــــاری کـــــراو لە ژیانیـــــدا دەوروژێنێت))،(حسين الحاج حسن: ١٩٩٧: ٧٦).

لە شـیعری کلاسـیکدا، وێـنەی شـیعری زیـاتر لە ڕوانگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە سەیری کراوە و تەنیـا بـۆ ڕازانـدنەوەی لایەنـی جوانکـاری شـیعرەکە بەکارهـــاتووە، کەچـــی لە شـــیعری نوێـــدا ئەم چوارچێوەیە شکا و وێنەی شیعری زیاتر گرینگی پێ دەدرێـــت و پەنتـــاییەکی فـــراوان داگیردەکـــات. بە

بنەمـــایەکی گرینگـــی داهێنـــان و هـــونەری شـــیعری دادەندرێت.

ئـەو وێنـانەی کە شـاعیر لە ژیـانی ئاسـایی خۆیـدا دەیانبینێت، لەهزرو بیریدا ئاوێتەیاندەکات و بەرگێکی هونەرییان بە بەردا دەکات، لەگەڵ خەیاڵدا وێنەیەکی تازەیان لێ دروست دەکات.

(کامیـل بە صـیر)، دوو جۆرە وێـنە دەسـت نیـشان دەکـات، (یەکەمیـان وێـنەی راسـتەوخۆ کە بە تەنهـا واتـای راسـتەوخۆی وشـە و دەربڕینەکـان خۆیـان دەگەیەنـن، بـێ ئەوەی پـشت بە زانـستی رەوانبێـژی بەسـترابێت، دووەمیـان: وێـنەی هـونەری، بـریتین لەو وێنـانەی کە بە مەبەسـت و بەشـێوەیەکی کـارامە و هۆشـیاریی ئەنجـام دەدرێـن، بە هـۆی بابەتەکـانی لێکچواندن و خـوازە و خواسـتن و درکەوە کە زمـانی دەربڕینـی ئەندێـشەن دروسـتکراون)،(کامـل حـسن البصیر: ١٩٨١: ٢٦٨ ـ ٢٧٠).

## لادانی واتایی:

محەمەد مەعروف، لادانی واتایی، بەم شێوەیە پێناسە دەکات: (لادانی واتایی، شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمانن، پەیوەندییەکی پتەویان بە گۆڕینی مەبەست و واتا و تێگەیشتنەوە هەیە، واتە: نەک هەر واتای سەردەم دەگۆڕن،بەڵکو دەبنە بار و ئەرک بۆ گوێگریش، دوو جۆر کۆت و بەندی واتایی هەیە، کە لادان لێیان دەبێتە هۆی ناوێزەیی لە واتادا:

**١ ـ کۆت و بەندی هەڵبژاردن**
**٢ ـ کۆت و بەندی هاوڕێیەتی**

کۆتی هەڵبژاردن لەخودی واتای وشەکانەوە دێت، بەڵام کۆتی هاوڕێیەتی دەرەکییە، کۆتی هەڵبژاردن لەوەدایە، کە کەرەسەیەکی ڕستە (**بۆنموونە کار**) دەتوانێ هەندێ مەرجی خۆی بەسەر کەرەسەیەکی تردا (**بۆنموونە بکەر یان بەرکار**)دا بسەپێنێت، کۆت و بەندی هاوڕێیەتی کاریگەری کەمترە و بەزۆری لەو کاتانەدا دەبێت، کە وشەیەک هاوڕێیەتییەکەی دەگۆڕێتەوە یان لەگەڵ وشەیەکدا دێت، کە لەمەو پێش ئاشنایەتی لەگەڵدا نەبووە)،(محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠:). ئەگەر شاعیر یەکێک لەم کۆتانەی بەزاند، ئەوا دەچێتە بواری لادان (لە شیعری نوێدا، لادانی واتایی زیاتر لە لادانی زمانیی هەستی پێ

دەکرێـــت، هەر شـــاعیرە و جـــۆرە شـــێوازێک هەڵـدەبژێرێت، دیـارە شـیعر لە زمـانی قـسەکردنی رۆژانە هەڵدەگەڕێتەوە و یـاخی دەبێت، بەو مانـایەی ئەو وشــــە و ڕســـتانەی کە بـــۆ قـــسەکردن بەکاردەهێندرێن، لەنێو دەقێکی شیعریدا، مەدلوولی تر وەردەگرن. دەتوانین لادانی واتـایی، بە پێی ئەو دوو پەیوەندییەی کە یاکۆبسن ناویـان دەنێت، هەڵبژاردن و لێکـــدان، سوســـێر پێیانـــدەڵێت: هاونـــشینی و بیرخستنەوە، دابەش بکەین بۆ:

**لادانی واتایی:**

**بە گوێرەی هەڵبژاردن ــ لیکچوون ــ خوازە.**

**بەگوێرەی لێکدان ــ لێڵی.**

**ــ پارادۆکس (دلێر سادق کانەبی: 2000 : ٤٠ ) .**

دروستبوونی میتافۆر لە ڕاستیدا بەهۆی یەکەکانی زمـانەوەیە، دووبـارە نـاوەرۆک و جەوهەرێکـی نـوێ، بە شێوە کۆنەکان دەداتەوە.

(ڕەسەنایەتی هەر لەوە نایەت، کە مرۆڤ یاساکانی زمانەکەی جێبەجێ بکات بەڵکو هەندێ جار لە ڕێگەی بەزاندن و شکاندنی یاساکانەوە دروست دەبێت، ئـەم ڕەسەنایەتییە، کە چاکتر وایە بە داهێنان ناوی بەرین ئـەو جـۆرەیـە کـە بـەتایبـەتـی لـە شـیعردا دەبینرێت. کــەواتــە ئــەگــەر مرۆڤــی ئاســایی تــەنیـا توانــای ڕەســەنایــەتــی تێـدابێت، ئـەوا شــاعیر دوو توانــای

دراوەتێ: توانای ڕەسەنایەتی کە توانایەکە لە هەموو ئاخێوەرێکدا هەیە و لە پیادەکردنی تەواوی یاساکانی زمانەکەوە دێت، توانای داهێنان کە بەزۆری لە شاعیردا هەیە و لە بەزاندنی یاساکانی زمانەوە دێت، ڕەسەنایەتی توانایەکی تاک و کۆ یان هاوبەشە، بەڵام داهێنان توانایەکی تایبەتە، بەزۆری لە زمانی شیعردا دەبینرێت)، (محمد مەعروف فەتاح: ٢٠١٠ : ٤٠٣ ).

ئەو شێوازەی کە شاعیر بەکاری دەهێنێت، سەروی زمانی ئاساییە و بە خاسییەتی زمانی ئەدەبی جیادەکرێتەوە.

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا، وێنەیەک دروست دەکات،کە تێیدا، هەستگۆڕکێ، لە نێوان هەستەکانی مرۆڤدا دەکات.

❖ **جگەرەیەک بەکونی گوێمەوەیە و**
**لووتم گۆرانی دەڵێ و**
**دەمم گۆرانییەکە دەبیستێ و**
**پێڵووی چاوەکانم چەپڵە لێدەدەن و**
**دڵم بۆنی گوڵ دەکا** (هاوژین صلێوە:٢٠١٣: ٩٩).

**ئەگەر شیکردنەوەیەک بۆ ئەم کۆپلە شیعرە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە:** لەدونیای راستەقینەدا،{جگەرە} بە دەمەوە نەک گوێوە دەگیرێت، دەم گۆرانی نابیستێت، چەپڵە بە دەست نەک پێڵوی چاو لێدەدرێت، بەڵام پەیوەندی لێکنزیکی

لەنێوان دوو دەست و دوو پێڵوەکان دۆزیوەتەوە، ئەویش داخستن و کرانەوەیە.

وێنە لەلای شاعیران یەکێکە لە ڕەگەزە چالاکەکانی شیعر، بەتایبەتیش لەشیعری نوێدا، کە بەگەلێک شێوە پێکدەهێندرێت، هیچ وێنەیەک بەبێ لادان دروست نابێت، جا ئەو لادانە چ لە ئاستی زماندا بێت، یان ئاستی شێواز و واتادا بێت، ئێمە زیاتر مەبەستمانە ئەو وێنانە دەربخەین، کە بەهۆی میتافۆرەوە لەم کۆمەڵە شیعرەدا دروست دەبێت و دواتربۆی هەیە لە فەرهەنگی زماندا، ڕەنگ بداتەوە و دەوڵەمەندی بکەن.

لەڕوی هونەرییەوە میتافۆر، یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی ڕەوانبێژیی و شاعیران بۆ دەربڕینی لایەنی (جوانی ـ ئێستاتیکا)ی دەقە شیعرییەکان پەنا دەبەنە بەر میتافۆر بە هەرسێ جۆرەکەیەوە: (خوازە و خواستن و درکە). واتە: وەسیلەی جوانکاریی شیعرە.

هەندێ لەزمانەوانان پێیان وایە: کەشیعر خواستنێکی جێگیرو گشیگیرە، قەسیدەی شیعریش، کردەی کارلێکی کیمیاییە، لەبەرئەوەی ئەو وشانە لە ڕستەدا، بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، کە بە پێی یاسای پێوەریی بەکارهێنانی زمان، لە دۆخی ئاسایی دا بە یەکەوە نایەن. ئەمەش بەهۆی کردەی گۆڕین و خستنەبڕی وپێکهێنان، لە هەردوو لایەنی هەڵبژاردن

و دروستكردندا (دووباره دروستكردنەوه و داهێنان).

تێپەڕاندن ولادان له بواری یەكەمدا، پێی دەوترێت: هەڵهێنجان، لەبەرئەوەی داهێنانەكه، پەیوەستە به یاسای زمانەوه، بەڵام لادان  له بواری دووەمدا، پێی دەوترێت وتەبێژیی، لەبەرئەوەی داهێنانەكه، پەیوەستە به یاسای ئاخاوتنەوه، هەردوو جۆره لادانەكەش، تەواوكەری یەكترین، لەبەرئەوەی له ئاستی زمان خۆیدا، جێبەجێ دەكرێت، بەڵام جیاكارییەكه بریتییه له هەژمووونی زمان لەسەر ئاخاوتن، چوونكه زمان دەگۆڕێت بۆئەوەی واتایەك به ئاخاوتن بدات، بۆیه كردەكه، پەیوەستە به دوو كاتی پێچەوانه و تەواوكەری یەكتری:

**أ ـ دۆخی لادان**

**ب ـ نەفی لادان و تێپەڕاندن.**


لەم هێڵكارییەی خوارەوەدا، هێڵه راستەكه واتای گونجان (الملائمة)، دوو هێڵه یەكتربڕەكەش واتای لێكدابڕان و دووركەوتنەوه (المنافرة) دەگەیەنێت، كه دەبێته هۆی دروستبوونی میتافۆر:

**دال**

↓

**مەدلوولی یەكەم (١)**

↓



**مەدلوولی دووەم (٢ ) ئەرك** (رابح بوحوش: ٢٠٠٩:

(٢١٨

لەم خشتەیەدا، دوومەدلوول بۆ دال هەیە، لەبەرئەوەی میتافۆر، جۆرێک لە لادان و گۆڕانکارییەکی تێدایە، ستراتیجیەتی شیعریش، یەک ئامانجی هەیە، ئەویش گۆڕینی واتا و زمانە، کە لەهەمان کاتدا گۆڕانی هزریش بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

شاعیر کاریگەری بەسەر پەیامدا دەبێت، بۆئەوەی لە ڕێگای گۆڕانی دالەوە بە مەدلولی دووەم بگات، بۆیە پێویستە پشت بە مەدلولی یەکەم ببەستین، بۆ ئەوەی مەدلوولی دووەم بێتە کایەوە، لەبەرئەوەی شیعر داهێنان لە ئاخاوتن دەکات و زمانیش چەکەکەیەتی.

لێرەدا، ئێمە ئەم پارچە شیعرە بە نموونە وەردەگرین، تاوەکو بزانین تا چ ڕادەیەک داهێنانی تێدا کراوە:

❖ کچێک بە پەنجەکانی دەستی ڕاستی
**ڕوومەتی ئەنگوتکە** هەویرێکی ماچ دەکردو و
**کولیچەی عیشقی** لێ دروست دەکرد (هاوژین صلیوە: ٢٠١٣: ١٦٠).

میتافۆرەکانی ئەم نموونەیە بریتیین لە:(ڕوومەتی ئەنگوتک، کولیچەی عیشق):

**هێڵکاری میتافۆرەکان:**

میتافۆری یەکەم: **(ڕوومەتی ئەنگوتک)**

**دال: ڕوومەتی ئەنگوتک**

↓

**مەدلوولی یەکەم (١): ئاردو هەویرێکی شێلدراو**

↓

**مەدلوولی دووەم (٢): جوانی و خۆشەویستی (خڕی و پانی و قەڵەوی).**

**ئەگەر، سەرنجی ئەم کۆپلە شیعرە بدەین، دەبینین لەڕێگەی (ڕومەتی ئەنگوتک)، (کولیچەی شیعر)، وێنەیەکی هونەری دروستکردووە، کە مەبەست لێی، واتا بنەڕەتییەکەی (ئەنگوتک و هەویر) نییە، بەڵکو مەبەستی واتا میتافۆرییەکەیەتی، کە جوانی و خڕی و پانیەکەیەتی، هەروەها مەبەستیش لە (کولیچە)، ئاردو شەکر و گوێز و خورما نییە، بەڵکو مەبەست شیرینی عیشقە.**

**میتافۆری دووەم: (کولیچەی عیشق)**

**دال: کولیچەی عیشق**

**↓**

**مەدلوولی یەکەم (١) : خۆشی و شیرینی و جوانی.**

**↓**

**مەدلوولی دووەم (٢) : عیشق شیرینە.**

**لە واتای ناوەکیی ئەم میتافۆرەدا (عیشق)، سیمای (+ شەکر، + شیرین، + جوانی + ناسکی و لاوی، + هەویر و سورکردنەوە و تەندور) ی وەرگرتووە.**

**ـ لێرەدا، (هەویر) وەک مرۆڤ ڕومەتی هەیە و کولیچەی عیشقی لێ دروست کراوە.**

**— ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی دروستبوونی وێنە میتافۆرییەکە:**

وێنەکە لە ئاستی واتاییدا، لەکێشانی شێوە ئەندازەییەکەی سەرکەوتووە، (**کولیچە**)، جگە لە مەدلوولی یەکەم، مەدلوولی دووەمیشی وەرگرتووە، شاعیر کۆتی واتایی شکاندووە، بەتایبەتی بنەمای هاوڕێیەتی بەزاندووە، لەوەدا کە وشەیەک، لەگەڵ وشەیەکی تردا دێت، کە لەوە و پێش، ئاشنایەتی لە گەڵیدانەبووە، وەکبەیەکەوە هاتنی وشەکانی(**ڕوومەت و ئەنگوتکە هەویر هەیرو ماچکردن، کولیچە و عیشق)**

هەروەها بەزاندنێکی تری واتایی وێنەکە بریتییە لەو دۆخەی کە دەڵێت: (**کچێک بە پەنجەکانی دەستی ڕاستی، ڕوومەتی ئەنگوتکە هەویرێکی ماچ دەکرد**)، لە بەرئەوەی لە دونیای ڕاستەقیەندا، لێو ئەندامی ماچکردنە، نەک پەنجە.

(**ڕومەت**)، سیمای (**مرۆڤە**)، شاعیر داویەتی بە (**هەویر**)، کەدیاردەیەکی بێگیانە، بەو هۆیەوە میتافۆری (**ڕومەتی هەویر**) دروستبووە، (**کولیچە**)، دیاردەیەکی بەرجەستەیە و (عیشق) دیاردەیەکی ئەبستراکتە و ناوێکی واتاییە، دراونەتە پاڵ یەکتری و میتافۆری (**کولیچەی عیشق**) دروستبووە:

**(کولیچە + ی + عیشق)**

↓ ↓

**دیارخراو دیارخەر**

بەهۆی بەزاندنی چەند سیمایەکی واتایی، دیارخەر و دیارخراو بەیەکەوە هاتوون و وێنە میتافۆرییەکە دروستبووە.

❖ شاری بۆربەنداری هیندستان
تاکو ئێستاش لۆکەی سپی دایپۆشیوە
چونکە ڕوحی پەپوولەیی گاندی لەم شارەدا
داباریوە (س.پ: ١٦٠)

**هێڵکاری میتافۆرەکان:**

**میتافۆری یەکەم: (لۆکەی سپی)**

**دال: لۆکەی سپی**

↓

**مەدلوولی یەکەم (١): نەرمی و سپییە**

↓

**مەدلوولی دووەم (٢): ئاشتی و ئازادی**

**میتافۆری دووەم:**

**دال: ڕوحی پەپوولەیی**

↓

**مەدلوولی یەکەم: بەرائەت و بێ وەیی و پاکی**

↓

**مەدلوولی دووەم: مرۆڤێکی پاکی ئازادیخواز**

**ـــ ڕوونکردنـەوەی چۆنیـەتـی دروسـتبونی وێنـە میتافۆرییەکە:**

شاعیر، جۆرە لێکچواندن و بـەراوردێکی، لـەنێوان لۆکەی سپی و پەپوولە و ڕۆحی گاندیدا کردووە، لە ڕووی بەرائەت و پاکی و ئاشتی خوازییەوە،

بۆ دروستکردنی وێنە میتافۆرییەکە، سوود لە چەند سیمایەکی واتایی وەک: < + سپی، + باڵ، + فڕین، + پاکی و بێگەردی > وەرگیراوە، دراوەتە پاڵ (ڕۆحی

گاندی)، بەوهۆیەشەوە میتافۆری (ڕۆحی پەپوولەیی)، دروستبووە.

❖ **((چنگێ نوقڵە شیعر))**

پەپوولە بێشەرمانە مەمکی گوڵ دەمژێ. (هاوژین صلیوە:٦٢:٢٠١٥)

**میتافۆری یەکەم: (نوقڵە شیعر)**

دال: نوقڵە شیعر

↓

مەدلوولی یەکەم: چێژو شیرینی

↓

مەدلوولی دووەم: هەست و سۆزی شیعر

**میتافۆری دووەم: (مەمکی گوڵ)**

دال: مەمکی گوڵ

↓

مەدلوولی یەکەم: شیلەی گوڵ

↓

مەدلوولی دووەم: ڕەگەزی مێ

میتافۆرەکە، لەسەر بنچینەی لێکچوون لەنێوان (شیر و شیلە) ی گوڵ دروستکراوە.

شاعیر، لەنێوان ناونیشانەکە و نیوەدێرەکەدا، دوو وێنەی میتافۆری دروستکردووە(نوقلە شیعر و مەمکی گوڵ)، کە هەریەک لە وشەکانی (نوقل و

مەمک)، بۆ واتای بنەڕەتی خۆیان بەکارنەهاتوون، بەڵکو، بەواتای میتافۆری بەکارهاتوون و دراونەتە پاڵ (شیعر و گوڵ).
(نوقڵ): جۆرێکە لەشیرینی لەشێوەی شەکرۆکە و چوکلێت و خورما و ئەو جۆرە شتانە، کە تامێکی خۆشی هەیە، بەتایبەتی بۆ منداڵان، هەروەها لە بۆنە و جەژنەکاندا و هاوسەرگیری و منداڵبوون و لە بەدەستهێنانی پلە، گەشتەکانی حەج و عەمرەدا، دەبەخشرێتەوە، هەروەها، هەر لە نوقڵەوە وشەی داڕێژراوی (نوقڵانە) ش دروستبووە، کە بە واتای (وتنی شتێکی باش یان خراپ بۆ کەسێک لەپێش بوونی شتەکەدا)دێت.
ئینجا (نوقڵ) بە واتا دروست و بنەڕەتییەکەی خۆی، شتێکی بەرجەستەیە و دەخورێت، بەڵام لەم ناونیشانەدا، شاعیر، داویەتییە پاڵ وشەی (شیعر)، بەمەش میتافۆرێکی ناویی (چنگێ نوقڵە شیعر) ی دروستکردووە، کە لەباری ئاسایی و دونیای ڕاستەقینەدا، (نوقڵ) و (شیعر)، هاوڕێیەتییان لەگەڵ یەکدیدا نییە، لەگەڵ یەکدیدا کۆنابنەوە، بەڵام بەسود وەرگرتن، لە چەمکی (نوقڵ)، کە تام و شیرینییە، شاعیر هاتووە، چەمکێکی دیکەی ئەبستراکتی دروستکردووە و لە وێنەیەکی شیعریدا بەکاری هێناوە.

هەروەها وشەی (مەمک)، بەواتای دروستی خۆی بەکارنەهاتووە، کە تایبەتە بە مرۆڤ و گیانلەبەرە شیردەرەکان، بەڵکو دراوەتە پاڵ وشەی (پەپولە)، وشەی پەپولەش، وەک ڕەمز و هێمای پاکی و بەرائەت و ناسکی و بێ گوناهی و ...هتد، بە واتای خوزراو بەکاردێت و ڕۆیشتووە، وەک ئەوەی دەگوترێت: (دەڵێی پەپولەیە)، واتە پاک و بێ گوناهو و بێ تاوانە، کە لێرەدا شاعیر، سودی لەمانە وەرگرتووە و وێنەیەکی شیعری جوانی دروستکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وشەی (بێ شەرمانە) ی داوەتە پاڵ ناوی (پەپولە)، کە دیسانەوە، ئەم وشەیەش دەرخەری بارودۆخێکی دەروونی کۆمەڵایەتی تایبەت بە مرۆڤە، بەڵام گواستراوەتەوە بۆ (پەپولە).

شاعیر، ئەم وێنە میتافۆرییەی لەنێوان هەردوو چەمکی (شیلە) و (شیر) دا داڕشتووە.

هەندێکجار، شاعیر بۆ دروستکردنی میتافۆر، سود لە پێچەوانەکردنەوەی دیاردەکان وەردەگرێت، بەهۆی ئەمەش سەرنجی خوێنەر یان گوێگر پتر رادەکێشێت، وەک لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوەدا، دەبیندرێت:

❖ گوڵ + هەنگ = **شیری زەرد**

گیا + مانگا = **هەنگوینی سپی**

خۆر + مانگ = **شەو بە ڕۆژ**

( هاوژین صلیوە: ٢٠١٣:١٣٠).

**هێڵکاری میتافۆرەکان:**

**میتافۆری یەکەم:**

**دال: شیری زەرد**

↓

**مەدلوولی یەکەم (١): سپی و زەرد (ڕەنگ)**

↓

**مەدلوولی دووەم: پێچەوانەکردنەوەی دیاردەکان، بەمەبەستی نیشاندانی دۆخێکی تایبەت.**

**میتافۆری دووەم: (هەنگوینی سپی)**

**دال: هەنگوینی سپی**

↓

**مەدلوولی یەکەم (١): زەرد و سپی**

↓

**مەدلوولی (٢): پێچەوانەکردنەوەی دیاردەکان، بەمەبەستی نیشاندانی دۆخێکی تایبەت**

**میتافۆری سێیەم:**

**دال: شەو بە ڕۆژ**

↓

**مەدلوولی یەکەم (١): تاریکی و ڕووناکی**

↓

**مەدلوولی دووەم (٢): داگیرکاری و سەربەستی، زوڵم و ستەم و سەربەخۆیی.**

**ـ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی دروستبوونی وێنە میتافۆرییەکە:**

لە دونیای ڕاستەقینەدا، **(هەنگوین)** ڕەنگی زەردە، **(شیر)** ڕەنگی سپییە، بەڵام شاعیر پێچەوانەی کردۆتەوە، هەروەها هەردوو دیاردەی شەو و ڕۆژ، پێچەوانەی یەکترین و لە ڕۆژدا شەو نییە، دەکرێ هەردوو وشەی (شەو) و (ڕۆژ)، ئاماژە بن بۆ ئازادی و داگیرکاری یان بۆ جوانی کچێک، دەشێ (شەو) دەلالەت لە ڕەشی قژ یان چاو و ئەبرۆ بکات، خۆریش سپییەتی ڕوخسار.

❖ پەنجەکانم ڕوومەتی
سێوێکی ناسک ماچ دەکەن،
شیشێک ئاو لەسەر ئاگرەکە
دەبرژێ
**پەرداغە کەبابێک** لەسە رمێز دانراوە،
باران تەڕ دەبێ و

ئاگر خۆی دەسوتێنێ

وەی لەو بەیانییە خۆشە (س.پ: ٩٩)

## هێڵکاری میتافۆرەکان:

### میتافۆری یەکەم: (ڕومەتی سێو)

**دال: (ڕوومەتی سێوێکی ناسک)، (سێو / جۆرە میوەیەکی جوانە، شێوەیەکی بازنەیی و سەرنج ڕاکێشی هەیە).**

↓

**مەدلوولی یەکەم (١): سێوێکی ناسک،وەک کچێکی تازە پێگەیشتوو وایە.**

↓

**(پێکدادانی واتایی )**

**مەدلوولی دووەم (٢): سێو / میتافۆرێکە بۆ جوانی و لاوێتی (پێدانی پەیمانی خۆشەویستی بە جوانی یار) بەکارهاتووە.**

### میتافۆری دووەم:

**دال: (شیشێک ئاو، پەرداغە کەباب، تەڕبوونی باران، سووتانی ئاگر).**

↓

**مەدلوولی یەکەم (١): ساردی و گەرمی**

↓

**(پێکدادانی واتایی)**

**مەدلوولی دووەم (٢): ئەو بارودۆخەی، کە شاعیر**

**تێیدایە، لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە.**

**- ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی دروستبوونی وێنە میتافۆرییەکە:**

شاعیر،بە شێوازی توانج لێدان و تەنز ئامێزەوە، باسی بەیانییەکی خۆش دەکات، بەهۆی ئەمەش،چەندین میتافۆری دروستکردووە، وەک:

**(ڕوومەتی سێو، ماچی سێو، برژانی ئاو، تەڕبوونی ئاو، سوتانی ئاگر)، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە دوو ئاستی کارلێککردن و کاریگەری لە شیعردا هەیە،** ئەوانیش: ئاستی واتایی و دەروونین، یان ئەرکی دەروونی و ئەرکی مەعنەویین، زیندوویی وێنە و کاریگەری دەربڕینی واتاکان، پەیوەستن بەم بەیەکەوە لکان و گونجانەی نێوانیان. واتە: وێنەی شیعری مەرج نییە، تەنیا ڕوکارە ئیجابییەکان لە رووی دەروونییەوە نیشان بدات، بەڵکو دەشێ دیاردە دژیەک و پێچەوانەکانیش بەیەکەوە کۆبکاتەوە، ئەم جۆرە کارلێکە دژیەکییە، خاوەنی چەند ڕەهەندێکە، کە دەتوانین لەڕوی لایەنە واتایی و دەروونییەکەیەوە لەم کۆپلە شیعرەدا، بەم جۆرە باسی بکەین:

**ڕەهەندی واتایی:**

شاعیر، هەوڵ دەدات، وەسفی بەیانییەکی خۆش بکات، بەهۆی وێنەکێشانی چەند وشەیەک کە خاوەنی ڕەهەندێکی ئەندازەیین، یان پەیوەندی نێوان شتەکانی

جیهان، لەئاستی واتاسازیدا، خوێنەر واهەست دەکات، کە ژیان لای ئەو پێچەوانە بۆتەوە، دیاردەکان، ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان ئەنجام نادەن، زنجیرەیەک دەستەواژەی پێچەوانە بەکاردەهێنێت وەک: (**شیشێک ئاو، پەرداغە کەباب، تەڕبوونی باران، سووتانی ئاگر)**.

وێنەیەکی شیعری دروستکردووە، بەهۆی ئاڵوگۆڕکردنی ئەرکی دیاردە فیزیکیەکان.

ئەم دەستەواژە میتافۆرییانە، توانای سەرکەوتوویی شاعیر، لە بەیەکەوەبەستن و لە دایکبوونی واتاکان دەردەخات، لەگەڵ داهێنانی وێنەی خاوەن فرەڕەهەندی هزریی و بەیەکچواندنێکی وردی نێوان دیاردەکان لە ئاخاوتندا بەمەبەستی گۆڕینی زمان وبەجێهێنانی مەبەستی شیعری.

**ڕەهەندی دەروونی ـ ناوەکیی:**

ڕەهەندی دەرونی پشت بەو گریمانەیە دەبەستێت، کە وێنەی داهێنراوی شیعریی، تەنیا پەیوەست نییە بە ڕەهەندی خودیی و جوانی ناسییەوە، بەڵکو کارایەکی زیندووە لەو پێگە شیعرییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لێیهەڵدەقوڵێت، بۆ تێگەیشتن لە مەبەست و کاریگەرییە بونیات و ئەرکییەکانی پێویستە بۆ سیاق و پێگەو ئەزموونی شیعریی بگەڕێنەوە.

لێرەدا، دەتوانین کاریگەرییە دەروونییەکانی وێنە شیعرییەکە، بەم شێوەیە لێکبدەینەوە: ئایا گونجان و

ڕێککەوتن لە نێوان هەردوو ئاستی واتاسازیی و دەروونیدا هەیە؟، ئەمەش بە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک دەبێت:

- ئایا ڕیزبوونی وشە و کەرستەکانی ڕستەکان، ڕەنگدانەوەی بیرە سەرەکییەکەی شاعیرە؟
- ئایا دۆخی شاعیر لە بونیاتی قوڵدا، هەمان شێوە ئەندازەییە ڕوکەشەکەیە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەڵێین:لەم کۆپلە شیعرەدا، هەردوو ئاستی واتایی و دەرونی ــ ناوەکیی، گونجاو نین.لەبەرئەوەی دیارخراو و دیارخەرەکان، هاوڕێیەتییان لەگەڵ یەکدیدا نییە، شیعرەکە بە ناونیشانی **(بەیانییەکی خۆش)**، دەست پێدەکات، بەڵام شاعیر لەم بەیانییە خۆشەدا، دیاردەکانی لێ پێچەوانە بۆتەوە، وێنەیەکی تری بە شتە ڕاستەقینەکان داوە، هەروەها باسی تەڕبوونی ئاو و سوتانی ئاگر دەکات.

سودی لە هەردوو چەمکی (تەڕ) و (گەرم)، (ئاو) و (ئاگر)، وەرگرتووە، بۆ دروستکردنی وێنە میتافۆرییەکە، ئاو هۆکارێکە بۆ تەڕبوونی شتی دیکە، ئاگریش هۆکارە بۆ سوتانی شت و دیاردەی دیکە، نەک خۆی، ئەگەر سەرنج بدەین، هەردوو وشەی (ئاو) و (ئاگر)، وەک دەربڕینی ئیدیۆم و میتافۆر لە پەندی پێشیناندا، هاتوون و گوزارشت،

له دیارده و بارودۆخی جۆراوجۆر دەکەن، وەک:

- ئاو بڕوات زیخەکەی دەمینێت.
- ئاو بە بێژینگ ناپیورێت.
- ئاو ڕابوەستێت، ئەو ڕاناوەستێت.
- ئاوە و ئاو بچێت.
- ئاویان بە جۆگەیەکدا ناڕوات.

ـ وشەی (ئاو)، لە هەریەک لەم پەندانە، بە واتایەک هاتووە، کە واتای دروستی خۆی نییە و واتایەکی خوازراو دەگەیەنێت، بۆنمونە:

لە پەندی (ئاو بڕوات، زیخەکەی دەمێنێت):

واتە: پیاوی گەورە و خزمەتگوزار و وەجاخزادە، لە دوای نەمان و مردنیشی ناو ناوبانگ و ناونیشانی هەر دەمێنێت.

ــ لە (ئاو بە بێژنگ ناپیورێت): واتە بۆ هەرشتێک کەرەسەی خۆی هەیە و پێویستە سودی لێ وەربگیرێت.

ـ لە (ئاو ڕابوەستێت، ئەو ڕاناوەستێت): واتە کەسێکی عەجوڵە و هات و چۆ زۆر دەکات و ناوستێت، هەروەها بۆ کەسێکی ئیشکەر و ئازاش بەکاردێت.

ــ لە (ئاوە و ئاو چێت): واتە لە ڕوی ڕقەوە بە کەسێک دەگوترێت، کە لەپاش لەناوچوون و سەرەنگون بوونی باسی بکرێت، واتە: با بڕوات و نەگەڕێتەوە، کاری باش و خێرداری نەکردووە.

بەهەمان شێوە وشەی (ئاگر) یش، لە زۆر ئیدیۆم و پەنددا هاتووە، کە واتای خوازراو دەگەیەنێت، وەک:

ـ دەڵێی ئاگرە.

واتە: کەسێکی هار و هاج و بێ ئامانە.

ـ وەک ئاگر بەربوونەتە گیانی یەکتری.

واتە: بە زەییان بە یەکدیدا نایەتەوە.

ـ شاعیر بە تایبەتی سودی لەو چەمکانە وەرگرتووە، کە (ئاو) و (ئاگر)، بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، لە دارشتنی وێنە میتافۆرییەکانیدا، وەک:

ـ ئاو و ئاگر ئامانیان نییە.

ـ دەڵێی ئاو و ئاگرن بەیەکەوە (واتە ناگونجێن).

❖ باران بە پەنجە نەرمەکانی
**عودی دەریا** دەژەنی،
شەپۆڵ نۆتە نۆتە سەمفۆنیای دەنووسێتەوە
مانگ **ڕوومەتی شەوێکی** ئەسمەرە
(هاوژین صلیوە:٢٠١٣: ١٦٢)

**هێڵکاری میتافۆرەکان: (پەنجەی باران، عودی دەریا، ڕومەتی مانگ).**

**میتافۆری یەکەم: (پەنجە نەرمەکانی باران)**

دال:  پەنجەی باران

↓

مەدلوولی یەکەم (١):  نمەی باران

↓

مەدلوولی دووەم(٢): کەشێکی ئارام و لەسەرخۆ

## میتافۆری دووەم: (عودی دەریا)

دال: عودی دەریا

↓

مەدلوولی یەکەم: نۆتە، ژێی مۆسیقا

↓

مەدلوولی دووەم: هەڵکشان وداکشانی شەپۆڵەکانی دەریا، ئاواز.

## میتافۆری سێیەم: (ڕوومەتی شەوێکی ئەسمەر)

دال: مانگ ڕوومەتی شەوێکی ئەسمەر

↓

مەدلوولی  یەکەم: تاریکی شەو، ڕووناکی مانگ

↓

مەدلوولی دووەم:  جوانی و ناشیرینی، گەشبینی و ڕەشبینی.

ــ ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی دروستبوونی وێنە

**میتافۆرییەکە:**

نوسەردەیەوێت بەهۆی پێکچوواندنی چەند بارێکی نامۆ، پێناسەی چەند دیاردەیەکی سروشت بکات و چەند میتافۆرێک بەدی دەکرێت: (پەنجەی باران، عودی دەریا، ڕوومەتی شەوێکی ئەسمەر).

بەراودکردنی{ پەنجە} ،{ ئاو}،{ عود } بە{ شەپۆڵ }،{ ڕووناکی } ،{ ڕوومەت }، {شەو} ،

{ ئەسمەر} لە ئاکامی لادان لە مەرجەکانی گرایس پەی پێبردراوە، لەمەرجی دروستی و پەیوەندی لایداوە.

وشەی ئەسمەر، لە بنەڕەتدا، بۆ وەسفکردنی مرۆڤ بەکاردێت، بەڵام شاعیر بەهۆی لادانێکی واتاییەوە گواستویەتییەوە بۆ (شەو)، بەو مانایەی کە لە شەودا مانگ دیارنەبێت ئەوە شەوێکی ڕەش و تاریکە، کە مانگیش بە دەرکەوت زەوی ڕوناکتر دەبێتەوە، بەڵام مەیلی ڕەشی هەر دەمێنێ، ئەو مرۆڤانەی ڕەنگی پێستەیان لەنێوان سپی و ڕەش دایە، پێیان دەڵێن ئەسمەر.

❖**((سپیترین گەشبینی))**

**خەمێکی ڕەش** ڕەش دەبارێ،

حەزدەکەم بە دەستە سەوزەکانم

**شێرەبەفرینەیەکی سووری** لێ دروست بکەم و

بیکەمە دیاری **سپیترین گەشبینی**. (هاوژین صلێوە:

٢٠١٥: ٥١)

**میتافۆری یەکەم: (خەمێکی ڕەش ڕەش)**

دال: خەمێکی ڕەش ڕەش

↓ (پێکدادانی واتایی)

مەدلوولی یەکەم: پەژارە

↓

مەدلوولی دووەم: ڕەشبینی

شاعیر، وێنەیەکی هونەریی میتافۆری، دروستکردووە ، ئاوەڵناوی (ڕەش): بە واتای بنەڕەتی خۆی، وەسفی شتی بەرجەستە دەکات، بەڵام لە دەستەواژەی میتافۆری (خەمێکی ڕەش)دا، وەسفی دیاردەیەکی ئەبستراکت و واتایی کردووە، کە ناوی (خەم)ە، شاعیر بە مەبەستی جەختکردنەوە، وشەی ڕەشی دوبارە کردۆتەوە (ڕەش + ڕەش)← (ڕەش ڕەش).

ئاوەڵناوی (ڕەش)، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، ژمارەیەکی زۆر میتافۆری لێ دروستکراوە و لە سیاقی جیا جیای ئاخاوتندا، واتای جۆراوجۆر دەگەیەنێت، وەک:

- دەرگاکە ڕەشە (ڕەنگی ڕەش نەک سپی)

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، وشەی (ڕەش)، بە واتای فەرهەنگی خۆی بەکارهاتووە، کە ئاوەڵناوێکە، وەسفی

ڕەنگ دەکات، بەڵام ئەم وشەیە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا، چۆتە ناو بەکارهێنانی زمانەوە و بەچەند واتایەک بەکاردێت، دەرروبەری بەکارهێنان ڕونی دەکاتەوە، کە ئاخێوەر ئەم وشەیەی بە چ مەبەستێک، کە ئەمانەش دەچنە ناو بەکارهێنانی ئیدیۆمی میتافۆری زمانەوە، وەک:

دەست ڕەش: (پیاوێکی دەست ڕەشە)، ئیدیۆمی (دەست ڕەش)،بە واتای پیاوێکی بێخێرە دێت، کە کاری چاکە و خێری لەدەست نایەت، کەسێکی بکوژە، دەست بۆ هەر شتێک دەبات، تێکی دەدات، کەسێکی باش نییە.

وشەی (ڕەش)، لەم دەربڕینەی سەرەوەدا، بە واتای ڕاستەقینەی خۆی نەهاتووە، کە ڕەنگە.

هەروەها، وشەی (ڕەش)، لە چەندین دەربڕینی تردا، وەک میتافۆر، بە واتای نەرێنی بەکاردێت، نمونە:

ــ هەناو ڕەش: کەسێک لە ڕوکار، وەک مرۆڤێکی باش و ڕوخۆش دەردەکەوێت، بەڵام لە دڵەوە نیەتی پاک نییە.

ــ لە بازاڕی ڕەش کاردەکات: (نایاسایی).

ــ ڕەش بگیر: هەموو کەس بۆ شەڕ ناردن، هەروەها بە واتای ئەوەش دێت، کە گەورە و منداڵ و ژن و پیاو هەمووی دەگیرێت، بەبێ جیاوازی.

ڕەش بین: بێ ئومێد، بێ هیوا.

ڕەشە خێزان: ماڵ و منداڵ و خێزانی زۆر (ژمارەی سەرخێزان).

بەختی ڕەشە: دیاردەیەکی مەعنەوییە، بۆ کەسێک بەکاردێت، کە هیچ کارێکی بۆ نایەت و بێ چارەیە.

هەروەها، ئاوەڵناوی (ڕەش)، بە دارێژراوی و بە لێکدراوی بەشداری لە دروستبوونی چەند وشەی دیکە دەکات، وەک:

ــ ڕەشکە: سیاوڵە، دەنکێکی ڕەشی بۆن خۆشە، بە نانییەوە دەکەن. لە ڕوی وشەسازییەوە، بەمجۆرە پێکهاتووە: (ڕەش + (ــ کە) )، لە وشەیەکی سادەی واتادار، کە ئاوەڵناوە، پاشگریک پێکهاتووە.

ڕەشکێنە: بیلبیلە.

لە ڕوی وشەسازییەوە، پێکهاتەی وشەی (ڕەشکێنە)، بەمجۆرەیە: (ڕەش + (ـ ک) + (ـ ێنە).

ــ (ڕەش)، ئـاوەڵنـاوێکی سـادەی واتـادارە، (ک، ێنـە)، پاشگرن.

ڕەشـەبا: بای توند.

ڕەشۆکی: زۆرینەی خەڵک، شتی کەم نرخ.

ڕەشـەمە، ڕەشـەمێ: سێیەمین مانگی زستانە.

هەروەها لـە وشـەکانی (ڕەشـە وڵاغ، ڕەشـتاڵە، ڕەشـە گرانەتا، ڕەشـەداڵ، ڕەشماڵ، ڕەشۆڵە).

ناوی (رەشید ) ، نـاوێکی عـەرەبییـە ، بـەواتـای (ئـازا ) دێـت ، لــە زمــانی کورێــدا ، ئــەگــەر بــە پرۆســەی بچووککردنەوەی ناودا تێپەڕ بێت ، دەبێتـە (ڕەشـە ) ، کە ئەمە پەیوەندی بـە وشـەی (ڕەش ) ی کوردییـەوە نییە .

**میتافۆری دووەم: (دەستە سەوزەکانم)**

دال: دەستە سەوزەکانم

↓

مەدلوولی یەکەم: سەوزبوون و گەشەسەندن

↓

(پێکدادانی واتایی)

مەدلوولی دووەم: ژیان و ئاوەدانکردنەوە

میتافۆرەکانی ئەم دوو نموونـەیـە، پـەیوەستن بـە

واتـای قوولـّـەوە، کـە لـە سـیاقێکی خـەمناکییـەوە، سەریان هەڵداوە، شاعیر، بە شێوازی هەستگۆڕکێ، هەوڵی دروستکردنی خوازەکانی داوە،
وێنـەیـەکـی زینـدووی نـوێی داهێنـاوە،(خـەم)، کـە دیاردەیەکی واتاییە، ئاوەڵناوی (ڕەش) ی دراوەتە پـاڵ، بـەهـۆی ئـەمـەش، میتـافۆرێکی ئـاوەڵنـاوی (خەمێکی ڕەش) دروست بووە.
دەستی سەوز: میتافۆرێکی ناوییە و بە مەبەستی ژیانەوە و گەشەسەندن و ئاوەدانکردنەوە دێت.
ــ شـاعیر زۆرجـار بـۆ دروسـتکردنی وێنـە میتافۆرییـەکـان، سـود لـە ژیـان و ئاخـاوتنی ڕۆژانـە وەردەگرێت و هـەمـان ئـەزمـون لـە وێنـە میتافۆرییە شـیعرییەکانیـدا دوبـارە دەکاتـەوە، بۆنمونـە: وشـەی (دەسـت)، لـە ئاخـاوتنی ڕۆژانـەدا، لـە زۆر پـەنـد و ئیدیۆمـدا، بـە واتـای میتـافۆریی و ناڕاسـتەوخـۆ بەکارهاتووە، وەک:
ـ دەسـتی دوژمـن هـەر بـۆ ئـەوە باشـە کـە مـاری پـێ بگرێ.
ـ ئـەم پـەنـدە بـە واتـای ئـەوە دێـت: تـاوەکو مـارەکـە پێوەی بدات و لەناوی بـەرێت، چونکـە دوژمـن و مـار هەردوکیان هـەر دوژمنن، هـەر کامێکیـان ئـەوەی دیکـە لەناو ببات قازانجە.
ـ دەستی دەستی پێ دەکات.

ـ واتای ناڕاستەوخۆی ئەم پەندە ئەوەیە: کە یەکێک بیەوێت کات لە کەسێک بگرێت و بیخافڵێنێت و بە تەمای کارێکی بکات و جێبەجێی نەکات، بە تایبەتیش بۆ پیاو یان کوڕێک بەکاردێت، کە بیەوێت کات لەگەڵ کچێکدا بەسەر ببات و ئامادەش نەبێت بچێتە داخوازی و بیکاتە خێزانی خۆی.

ــ دەست بکەی بە هەزار کونە مارا لە یەکێکیاندا، مارێک هەر پێوەت دەدا.

واتە: ئەوەی زۆر بجوڵێت و حەرەکە بکات و ئەملا و ئەولای هەبێت، جارێک هەر توش دەبێت.

ـ دەستی کەس بۆ دەمی کەس ناچێت.

واتە: هەرکەسە و خۆی بە کەڵکی خۆی دێت، کەسێکی دیکە بە کەڵکی نایەت.

ـ دەستمان ناگاتە چەمکی کەواکەت.

ــ لە ڕوی گلەییەوە بە کەسێک دەگوترێت، واتە: گەورە بوویت یان خۆت بە گەورە دەزانیت بۆیە سەرێکمان لێ نادەیت، یان هەواڵێکمان ناپرسیت.

❖ بەفری فیراقت

چۆڕچۆڕ،

بە سۆبیانی

تەنیایمدا دادەچۆڕێ. (هاوژین صلیوە:١٨:٢٠١٥)

میتافۆری یەکەم: **(بەفری فیراق)**

دال: بەفری فیراق

↓

مەدلوولی یەکەم: جیابوونەوە

↓

مەدلوولی دووەم: هەست کردن بە تەنیایی و نائومێدی.

❖ قژی خۆزگە و حەزەکانمت دەڕنیەوە،
لەناو گڕی پەرچەمتدا
تاڵ تاڵ ڕۆحمت دەچنیەوە،
کە ڕۆیشتی کۆست کەوتوو بووم
وەک هەتیوی بێ داک و باب،
تەمەنی جوانیت سووتاندم
شیلەی گەنجیمت دا بە با،
مارانگازم لە گشت عیشقێک
نزیک نابمەوە لە ژوان.
دەرگای دڵم داخستووە
گوێ هەڵدەخەم لە ترپەی ژان.
تۆ ئاوێنەی دڵمت شکاند
پەرت و پەخشان بۆ هەزار لەت، (هاوژین صلێوە: ٢٠١٥:٨٣)

**هێڵکاری میتافۆرەکان:**

**میتافۆری یەکەم:**(قژی خۆزگە)

دال: قژی خۆزگە

↓

مەدلوولی یەکەم: هیواو ئاوات

↓

مەدلوولی دووەم: دوارۆژ

**میتافۆری دووەم:** (گڕی پەرچەم)

دال: گڕی پەرچەم

↓

مەدلوولی یەکەم: کڵپەی ئاگر

↓

مەدلوولی دووەم: حەزو ئارەزوو

**میتافۆری سێیەم:**(شیلەی گەنجی)

دال: شیلەی گەنجی

↓

مەدلەلی یەکەم: شیرینی و تەڕیی

↓

مەدلوولی دووەم: خۆشی و چێژی تافی لاویەتی، هیوا و ئاوات.

**میتافۆری چوارەم:**

دال: دەرگای دڵ

↓

مەدلوولی یەکەم: خوێن و ماسوڵکە

↓

مەدلوولی دووەم: دڵداری

میتافۆرەکانی ئەم نموونەیە، تایبەتن بە لایەنی سۆزداری، میتافۆری یەکەم،پەیوەستە بە سیاقێکی سۆزداری تایبەت بە حەزو خۆزگە و هیواو ئاواتەوە، (قژی خۆزگە)، بەهۆی لادان لە مەرجی هاوڕێیەتی، دروستبووە. (قژ و خۆزگە)، لە دونیای ڕاستەقینەدا پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، (خۆزگە)، دیاردەیەکی واتاییە، (قژ) دیاردەیەکی بەرجەستەیە، (سووتان)، بۆ دیاردەی فیزیکی بەکاردێت، ئەم چاوگە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆیەتی، وەک بوونی دیاردەیەکی فیزیکی بۆ سووتان، هەبوونی هۆکارێک بۆ سووتان، گۆڕان لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە، بەجێمانی پاشماوە،بەڵام (تەمەن) دیاردەیەکی واتاییەو ئەم سیمایانەی نییە، لە زمانی ئاخاوتن و وێژەدا، هەندێ جار ئەم چاوگە لە بواری خۆیەوە بۆ بوارێکی تر دەگوازرێتەوە، بەهۆیەوە میتافۆر دروست دەبێت.

دارەکە سووتا: واتای بنەڕەتی

↓

جەرگی سووتا: منداڵی مردووە

↓

سووتانی تەمەن

❖ کە لێوی جگەرەیەک ئەمژێ،

هەناسەم پڕ ئەبێ

لە دووکەڵی ئیرەیی،

حەلقە حەلقە بخوری پیرۆزی ماچ

بەرەو عەشی خودا (هاوژین صلیوە: ٢٠١٥: ١٦).

(دووکوڵی ئیرەیی): میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە، بەهۆی لادان لە مەرجی دروستی پێکهاتووە، لە واقیع و دەوروبەردا، ئیرەیی دیاردەیەکی خودیی ناوەکییە، دووکەڵی نییە، شاعیر ئەم جۆرە بەراوردەی لە نێوان ئاگری ڕاستەقینە و ئاگری مەعنەویدا کردووە، کە بەهۆی ئیرەییەوە لە ناخەوە هەڵدەستێ و مرۆڤ دەسوتێنێ.

- لە ڕۆژی عاشقاندا

**گوڵە شیعرم** بۆ هێناون،

بە ترپەی دڵ بۆنی بکەن،

بیدەن لە **بەرۆکی ڕۆحتان** (س.پ : ١٧).

**هێڵکاری میتافۆرەکان:**

**میتافۆری یەکەم:(گوڵە شیعر)**

دال: گوڵە شیعر

↓

مەدلوولی یەکەم: شیعری جوان و ناسک

↓

مەدلوولی دووەم: دڵداری و خۆشەویستی

(گوڵە شیعر)، میتافۆرێکی ناوییە (دیارخراو + ە + دیارخەر)

(   گوڵ + ە + شیعر)

شیعر، سیمای < + رووەک، + گەڵا، + پەلک، + بۆن..> ی وەرگرتووە، کە خۆی دیاردەیەکی ئەبستراکتە.

لە نیوە دێری دووەمدا، شاعیر هەستگۆڕکێی لە نێوان هەستی بیستن و هەستی بۆنکردندا کردووە.

ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی دروستبوونی میتافۆرەکە:

(گوڵە شیعر)، میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە، بەم شێوەیە دروستبووە:

دیارخراو + ە + دیارخەر (گوڵ + ە + شیعر)، لە دونیای ڕاستەقینەدا، شیعر دار نییە، تاوەکو گەڵاو گوڵ بگرێت، بەڵام لەسەر بنەمای بە ڕووەککردن و پەیوەندی (جوانی، بۆنی خۆش، هەستی ناسک)، میتافۆرەکە دروستبووە.

(بەرۆکی ڕۆح ): میتافۆرێکی ناوییە، بنەمای

چۆنیەتی و شێواز و دروستی بەزاندووە، بەم شێوەیە دروستبووە: دیارخراو+ی+ دیارخەر (بەرۆک + ی + ڕۆح)
(ناوی بەرجەستە + ی + ناوی واتایی).

❖ **شیری سوور لە مەمکەکانی ئاگر دەچۆڕێ، شیری ڕووناکیش، لە مەمکەکانی خۆرەتاو (س.پ:١٩).**

**میتافۆری یەکەم: (مەمکی ئاگر)**
دال: شیری سوور، مەمکی ئاگر
↓
مەدلوولی یەکەم: گەرمی و تاوسەندن
↓ ✕ (پێکدادانی واتایی)
مەدلوولی دووەم: کڵپە و شۆڕش

**میتافۆری دووەم: (مەمکی خۆرەتاو)**
دال: شیری ڕووناک، مەمکی خۆرەتاو
↓
مەدلوولی یەکەم: تیشک و ڕووناکی
↓ ✕
مەدلوولی دووەم: ژیان و ئازادی

- **تەپوتۆزی تەکنۆلۆژیا**
**سروشتی لێ شێواندین،**
**شەوانی منالّیم نایێنەوە؛**
**ئەو شەوانەی لەسەربان**
**بەباوەش ئەستێرەم کۆدەکردەوە(س.پ: ٢٧)**

**هێلّکاری وێنە میتافۆرییەکان:**

(**تەپوتۆزی تەکنۆلۆژیا** : میتافۆرێکی ناوییە.

شاعیر بەهۆی وێنە میتافۆرییەکەوە، بەراوردێکی جوانی نێوان هەردوو دیوە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکەی تەکنۆلۆژیا دەکات، کە لەهەندێ ڕوانگەوە سوودێکی گەورەی بە مرۆڤایەتی گەیاندووە، بەلاّم لەهەمان کاتدا زیانیشی هەیە، چۆن بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە هەزارەها، هۆکاری چارەسەرکردنی نەخۆشی و خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ دۆزرایەوە، بەهەمان شێوە هەر بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە، چەکی ئەتۆمی و چەکە کۆمەلّکوژییەکانی تر داهێنراون، جگە لەمە زۆربوونی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و پێشکەوتنی تەکنیکی کاری کردۆتە سەر پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکان و ژیانە ئاسایی و سروشتییەکەی پێشووتر، هەروەها پاشماوەی ئەم هەموو ئامێرو تیشک و کۆمپانیا و دەزگایانەی کەهەن، سروشتیان لێ شێواندووین و هۆکارێکن بۆ پیسبوونی ژینگە و بلاّوبوونەوەی

جۆرەها نەخۆشی کە پێشتر بەم ڕادەیە نەبوون.

شــاعیر خــۆی پابــەنــد کــردووە بــە ڕێبــازی ڕۆمانتیکییــەوە، لـــە ڕووی مـــەیــل و ئـــارەزووی گـەڕانـەوەی بـۆ ڕابـردوو، ژیـانی منـداڵی و جـۆرە بێزارییــەک لـــەم ژیانـــە جــەنجاڵییــەی ئێــستاییدا دەردەبڕێت، بە زمـانێکی مـەجـاز، پەیـوەنـدی نێـوان بــاوەش و ئــەســتێرەی دۆزیــوەتــەوە، شــێوازی زیــادەڕەوی بــۆ دەربڕینـــی وێنـــە میتافۆرییـــەکـــە بەکارهێنـاوە، چونکـە وابـەسـتە بـە دونیـای واقیعـی و ڕاسـتەقینـەوە، بـاوەشـی منـداڵێک نـاتوانێ ئـەسـتێرە کۆبکاتـەوە! بـەڵام شـاعیر بـە شـێوازێکی ناڕاسـتەوخۆ مەبەستە سەرەکییەکەی خۆی دەربڕیوە.

شــاعیر کــە میتــافۆر دروســت دەکــات و یاســاکان دەبـەزێنێت، بـۆ ئـاڵوگۆڕکردنی وشـە و ئـاوەڵنـاوەکـان لەنێوان دیاردە بەرجەستە و ئەبستراکتەکاندا، پشت بە چــەنـد ڕێگایــەک دەبــەســتێت، وەک: بــەکــەس کــردن، بەرجەستەکردن، بەتەنکردن، هەستگۆڕکێ ...هتد.

ئێمە لێرەدا، بە تێکەڵی ئاماژە بە چەند نموونەیەک لە بەکارهێنانی میتافۆر لە شیعری مۆسیقای نامۆیی و پاییزی نیگەرانی دەکەین:

**١ ـ بەتەنکردن ـ التجسم:**

بەتەنکردن، واتە پێدانی قەبارە و بارستایی بە شتە واتاییەکـــان، شـــاعیر شـــتە مادییەکـــان، بە شـــتە

ئەبستراکتەکان دەچوێنێت، (طاهر احمد الملکی:١٩٨٠: ٨٢) شاعیر بە شێوەی بەتەنکردن وێنەکان دەخاتە ڕوو:

❖ **داسی خەیاڵم** درویێنەی پێنەدەکرا

بەڕۆنی کەڵەشاخ لە **هەسانی ئەفسانەم** سویی

(هاوژین صلێوە:٢٠١٣ ١٣٤).

میتافۆرە بەکارهاتووەکانی ئەم نمونەیە بریتین لە: (**داسی خەیاڵ، هەسانی ئەفسانە**).

شاعیر بەهۆی بەکارهێنانی وشەکانی (داس، هەسان)،سیمای [+تەن] ی بە(خەیاڵ،ئەفسانە)، داوە، کە دوودیاردەی ئەبستراکتن، بەهۆی خستنە پاڵ، میتافۆری(**داسی خەیاڵ، هەسانی ئەفسانە**)، وێنەکەش بەمجۆرە دروستبووە:

(**ناوێکی بەرجەستە + ی + ناوی واتایی**) کاری درەوکردن، لەبواری کشتوکاڵدا، پێویستی بە بەرکارێک هەیە، بەڵام خەیاڵ ئەم سیمایەی بەزاندووە. هەسان بۆ تیژکردنەوەی شتی بەرجەستە، نەک واتایی بەکاردێت، بەڵام شاعیر ئەم میتافۆرەی بەکارهێناوە، بەو واتایەی، کە ئەفسانە خەیاڵ فراوانی تێدایە، شاعیریش هەوڵدەدات، شیعرەکانی بە خەیاڵێکی چڕ بچوێنێت.

لەم وێنەیەدا، شاعیر،پەنا دەباتەبەر (**غەم**)، تەنی بۆ دروست دەکات:

❖ من بەسەر **شەقامی غەمێکی** درێژدا دەڕۆم
بەرەو **ئەشکەوتی نامۆیی ( س.پ:١٢٨).**

**میتافۆرە بەکارهاتووەکانی ئەم نموونەیە، بریتین لە: (شەقامی غەم، ئەشکەوتی نامۆیی).**

سیمای[+تەن ] ی بە (غەم) دراوە، کە دیاردەیەکی ئەبستراکتە، بەهۆی ئەمەش میتافۆری {شەقامی خەم}، دروست بووە.

❖ بە **کەرپووچی درۆیان**
قەسرێکی لە جەهەنەم دروستکرد

(درۆ)سیمای [ـ تەن ] ی هەیە، شاعیر بەهۆی بەکارهێنانی دەستەواژەی (**کەرپووچی درۆ**)، سیمای[+ تەن ] ی پێداوە، بەهۆی ئەمەش میتافۆرێکی ناویی دروستکردووە.

❖ تەمەنم جگەرەیەک بوو،
بە دەم **مژی ئازارەوە**
وا بەسەرچوو (س.پ:٣٤).

(مژ و جگەرە)، دوو دیاردەی بەرجەستەن دراون بە تەمەن و ئازار، بەهۆی ئەمەش شێوازی بەتەنکردن ئەنجام دراوە، میتافۆی[ **تەمەنی جگەرە، مژی ئازار** ]، دروستبووە.

❖ ساڵەکان تەمەنیان دروێنە کردم و
ڕایان پێچام بۆ **ڕەوسەی گۆڕستان** (س.پ: ١٦١)

وشــــەی (تـــەمـــەن)، بـــەهـــۆی دەســـــتەواژەی **(دروێنەکردن)**، سیمای تەنی پێدراوە،هەروەها شـاعیر لـە دەسـتەواژەی **(ڕەوسـەی گۆڕسـتان)** دا، داهێنـانی کردووە، لە فەرهەنگی زماندا، **(ڕەوسەی گەنم)** هـەیـە، نەک (گۆڕستان)، ئەمەش بەهۆی گواستنەوەی وشـەی (گـەنـم) لـە کێڵگـەی ڕووەکـەوە، بـۆ کێڵگـەی مـردن و گۆڕستان.

❖ **ئاڵای نیگەرانی** لەسەرم دەشنێتەوە
**پێدەشتی ئەوینم** سەرتاپا ئاگر،
**نامۆییم وەک ژیشک لە قاوغی ناوم،**
**نامۆییم بووە بە کەلەپچە** و
**باسکی دڵمی** تۆق کردووە. **(هاوژین صلیوە:٢٠١٥: ٦٨).**

هەریەک لە وشـەکانی **(نیگـەرانـی، ئـەویـن، نـامۆیی)** بەهۆی دەستەواژەی **(ئاڵا، پێدەشت، ژیشک، کەلەپچە)** سیمای تەنی پێدراوە. چـەند میتافۆرێک دروسـتبوون (ئـاڵای نیگـەرانـی، پێـدەشـتی ئـەویـن) دوو میتـافۆری ناوین،**(نامۆییم بووە بە کەلەپچە)** میتافۆرێکی کارییە.

❖ دڕک **گەرای ئازاری** خۆی

لە پەلوپۆیی من داناوە   (س. پ: ٢٦)

وێنە میتافۆرییەکە: **(گەرای ئازار)**

دال: گەرای ئازار

↓

مەدلوولی یەکەم: خەم و ناخۆشی

↓

مەدلوولی دووەم: بێ ئومێدیی

لەم شێوازەدا، شاعیر سیمای جەستە و گیان، بە شتە مادی ومەعنەوییەکان دەدات و وەک گیانلەبەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، واتە پێدانی سیمای واتایی [ + بەرهەست ] بە [+ئەبستراکت ].

❖ کاتێ **دێوەزمەی تریشقە**

بە شیشەیەکی ئاگرین

دەکەوێتە گیانی هەور

**هەوری نوستوو** لە تاو ئازاری

پەراسو و پشتی شکاوی

پڕ بە گەرووی دەقریشکێنێ و

دەداتە پڕمەی گریان  (هاوژین صلێوە: ٢٠١٣:١٢٨)

هەور، دیاردەیەکی سروشتە، سیمای (+ گیان)، (+ نووستوو) , (+ پەراسوو)، (+پشت)، (+گەروو)، (+گریان) ی پێدراوە، کە تایبەتن به گیانلەبەر و

مرۆڤ.

(**دێــوەزمـــەی تریــشقە**)،(**گیــانی هـــەور، هـــەوری نووستوو**)، چەند میتـافۆرێکن، لە دۆخـی خستنەپاڵدا، لە ریزبـــوونی کەرەســـەکاندا،دیارخراو و دیـــارخەر یەکناگرنەوە: (**دێوەزمە + ی + تریشقە**)،

(**گیان + ی + هەور**),(**هەور + ی + نووستوو**).

بەهۆی ئەم دیاردەوە،هەندێ دیاردەی ئەبستراکت، تایبەتمەندی گیانداری پێدەدرێت:

❖ خۆشەویستیم لەڕبووە،

بە ماچە تەڕەکانی تۆ،

بە ماچە گۆشتنەکانی تۆ !!

دەبۆژێتەوە. (س.پ: ١٢٢)

هێلکاری میتافۆرەکە:

میتافۆری یەکەم: (خۆشەویستیم لەڕبووە)

**دال: لەڕبوونی خۆشەویستی**

**↓**

**مەدلوولی یەکەم: ئاژەڵی لەڕو لاواز**

**↓**

**مـــەدلـــوولی دووەم: نـــەمـــان و بێهێزبـــوونی خۆشەویستی .**

(**لـــەڕبـــوون**)، چاوگێکــە بــۆ وەســفکردنی ئــاژەڵ بــەکاردێت، (خۆشــەویـستی)، دیـاردەیـەکـی واتـایی

ئـــەبـــستراکتە (**لــــەڕبـــوونی خۆشـــەویـــستی**)، دەسـتەواژەیـەکـی میتافۆرییـە، بـەهـۆی گواسـتنەوەی واتاییەوە ئەنجامدراوە.

(لـەڕبـوون)، کـە تایبـەتـە بـە وەسـفکردنی ئـاژەڵ، هەندێ جار بەهۆی گواستنەوەی واتایی لـە ئاخـاوتنی ڕۆژانە و وتاری تردا، وەک میتافۆر بەکاردێت.

**(زانکۆکانمان لەڕبوون).**

ڕسـتەیـەکـی سـادەیـە، بـەڵام بـەمـەبـستی تایبـەتـی بــەکاردیــت و دەکــرێ چــەنــد لێکدانــەوەیــەکــی بــۆ بکرێت.

❖ لە دەرگای بچوکی حەرفێکەوە
چوومە نێومالّی شیعرێک
هێند گەورە بووم،
نەمتوانی بێمە دەرەوە.

(دەرگای حەرف)، (ماڵی شیعر)، دوو میتافۆری ناوبین. (هاوژین صلێوە:٢٠١٥: ٤٢)

❖ جەرگم دەدەڵێنێ ژەهری جودایی ( س. پ: ٧٤)

وێنە میتافۆرییەکە: (ژەهری جودایی)

دال: ژەهری جودایی

مەدلوولی یەکەم: ئازار و دوورکەوتنەوە

مەدلوولی دووەم: تاڵی و مەینەتی

### ٣ ـ شێوازی بەکەس کردن ـ التشخیص:
### : { Personificatio }

ئەمەش شێوازێکی ترە، لەو شێوازانەی وێنەی میتافۆری لەسەر بونیاتدەنرێت، بریتییە لە پێدانی تایبەتمەندی مرۆڤ،بە دیاردەکانی سروشت،سیفەتی مرۆڤ دەدرێت بە بێگیانێک یان گیانلەبەرێک کە خۆی ئەو سیفەتەی نەبێت (پەخشان عەلی ئەحمەد:٢٠٠٧: ٢٣٤).

لە دروستکردنی ئەم جۆرە میتافۆرەدا،شاعیر هەندێ سیماو پێکهاتەی واتایی،کە تایبەتە بە مرۆڤ بۆ دیاردەکانی تر دەیگوازێتەوە، بەهۆی ئەمەش وشە پێکهاتەیەک وەردەگرێت،کە لە بنچینەدا هی خۆی نییە و واتایەکی تر دەبەخشێت:

❖ **چاوی خۆر** گەلێ تیژە
لەهەر شوێنێ درزێ هەبێ
تێی دەڕوانێ (هاوژین صلیوە: ٢٠١٣: ٢٤)

میتافۆری بەکارهاتوو، بریتییە لە (**چاوی خۆر**).

دال: چاوی خۆر

↓

مەدلوولی یەکەم: بینین، تیشک و ڕووناکی

↓

مەدلوولی دووەم: سەرنجدان، وردبوونەوە، دڵداری، بەدەستهێنانی ئازادی.

شاعیر،سـیمای(+ چـاو) ی داوه به خـۆر و تایبەتمەندی مرۆڤی پێداوه , { تیژیی}،چاوگێگە،کە لە بنچینەدا،بۆ وەسفی چەقۆ و هەندێک جۆره کانزا بەکاردێت.

❖ بەسواری هەناسە تاساوەکانی هاتە نێو دڵم،
ئەمە دڵ نییە کانییەکە نەزیف بووه.
بەنێو **دەریای خوێندا** هاتە نێو دڵم،
ئەمە دڵ نییە گۆمێکی پڕ خوێنە (س. پ:٢٥)

❖ خۆرەتاو وا نەزیف بووه،
خوێنی تیشکی لێ دەچۆڕێ،
مانگیش بە تاقی ئاسمانا،
ڕووی جوانی خۆی لێم دەگۆڕی. **(هاوژین صلێوه: ٢٠١٥:١٠٠)**

وشەی (نەزیفبوون)، کە تایبەتە بە مرۆڤ، شاعیر خستویەتییە پاڵ کانی، خۆرەتاو، بەمەش تایبەتمەندی مرۆڤی پێداون،{ **نەزیفبوونی کانی** }، { **نەزیفبوونی خۆرەتاو** } دوومیتافۆرن، بەهۆی لادان لە مەرجی دروستی پێکهاتوون، لێکدانەوەی میتافۆرەکان، لەسەرەتادا نامۆ دێنە بەرچاو،بەڵام بە دۆزینەوەی بارودۆخی گونجاو، دەتوانین بە واتای ویستراوی دەقەکان بگەین.

❖ **مشارێکی ددان کەوتو**

بە هانکە هانک هەموو گیانی ببوە ئارەق،
ڕەنجی دەدا نەمامێک بخوات
وتم ئەی مشار شەرم ناکەی !!
ئەرێ تۆ پیربوویی تەوبە ناکەی ؟!؟
بەلاوی لە هەڕەتی ددان تیژی پیرە دارت دەخوارد،
ئێستاش نەمامە داری ناسک (**هاوژین صلیوە:٢٠١٣: ١٥١**).

لەم کۆپلە شیعرەدا، شاعیر، سیمای (+ ددان) ی بە مشار داوە، کە لە بنەڕەتدا هی مرۆڤە، وەک مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا کردووە،(هانکە هانک)،(ڕەنجدان)،(پیربوون) تایبەتمەندی مرۆڤن، بەمەبەستی تایبەتی، دراون بە مشار.

شاش بوون و شکانی ددانەکانی مشارەکەی، وەک مرۆڤێکی پیر داناوە، کە ددانی دەکەوێ، مشارەکە کە٬گەنج بووە توانایەکی باشتری هەبووە، درەختی گەورەشی بڕیوە،کەچی ئێستا توانای کەم بۆتەوە، بەلام واز لەو خووەش ناهێنێ، درەختی گەورە و ئەستووری پێ نابڕێ، ئەوەتا درەختی نەمام دەبڕێتەوە.

❖ **دالان قاچی هەیە**

بناغە پێلاوی هەیە،
پەنجەرە پەراسوو و

هەورەبانیش شەپقەی هەیە (س.پ:٢٣)

شاعیر، سیمای < + قاچ، + پێڵاو، + پەراسوو، + شەپقە > ی داوە بە (دالان، بناغە، پەنجەرە، هەورەبان)، کە لە بنەڕەتدا هی مرۆڤن.

❖ کاتێ خۆر **لێفەی هەورێ**
بەسەر خۆی دا دەدا و دەخەوێ
پرخە پرخی خۆرە تریشقە
بەردەوام دەبێ (س.پ: ٥٧)

شاعیر، وەک مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ خۆردا دەکات،(**لێفەی هەور**) میتافۆرێکی ناوییە، دیارخەرو دیارخراو هاوڕێیەتییان لەگەڵ یەکدا نییە و لە فەرهەنگی زماندا بەم جۆرە ریزنابن.

❖ هەنارێکی قەڵشیوی لێو گڕی ددان سوور
دەمی پڕبوو لە ئاو
بۆ دوو لیمۆی کیژۆڵەیەک
کە نوشتابووەوە لەبەردەمی و
گێسکی دەدا بن دار هەنار. (س.پ:١٥٩)

چەند سیمایەکی وەک < + **لێو**، + **ددان**، + **دەم** > دراوە بە وشەی (هەنار).

❖ گاسن چەقۆیەکی زۆر تیژە
**پێستی زەوی** کەوڵ دەکا (س.پ:١٢٧)

لە ئەنجامی پێدانی سیمای (+پێست)، بە (زەوی)، میتافۆری (**پێستی زەوی**) دروستبووە، کە

میتافۆرێکی ناوییه ( ناو + ی + ناو):

پێست + ی + زەوی)

↓ ↓

دیارخراو دیارخەر

❖ قەڵەم کچێکی کابۆ لەبەری شۆخ و شەنگە
کاتێ حەزی لە پیاسە بێ
پێکێ شەراب دەخواتەوە و
شەپقەکەی دەخاتە سەری و
کەعبێکی نووک تیژ لە پێ دەکا،
بەسەر شۆستەی **شەقامی کاغەز**
بە لەنجە و لار
پیاسە دەکا، سەما دەکا. ( س.پ: ١٢)

لەم کۆپلە شیعرەدا،شاعیرجۆرە پێکدادانێکی واتایی دروستکردووە، هەریەک لە وشەکانی (کابۆ)، (شۆخ وشەنگ) ی داوەتە پاڵ (قەڵەم) کە خۆی ئەم تایبەتمەندییانەی نییە، شاعیر وەک کچێکی کابۆلەبەر وەسفی (قەڵەم) دەکات و چەند تایبەتمەندییەکی پێداوە، بەهۆی ئەمەش دیاردەی بەکەس بوون روویداوە، لە میتافۆردا، جۆرێک پەیوەندی، لە نێوان مەدلوولی یەکەم و مەدلوولی دووەمدا دەبینرێ، ئەکەر پەیوەندییەکە لێکچوون بوو، خواستنە، ئەگەر پەیوەندییەکە هاوسێیەتی بوو درکەیە، هەروەها

پەیوەندی بەش و گشت، خوازەی بەڕەڵلایە.(رابح بوحوش:۲۰۰۹: ۲۲۰)

❖ گوڵ دڵداری لەگەڵ لوتمان دەکات،
گوڵ دڵداری لەگەڵ چاومان دەکات،
گوڵ زۆر ڕقی لە دەستمانە
هەرگیز هەرگیز حەزناکا
دڵداری لەگەڵ بکات. (هاوژین صلیوە: ۲۰۱۳: ۱٤۷)

**وێنە میتافۆرییەکان، (گوڵ دڵداری دەکات، گوڵ ڕقی لە دەستمانە):**

**دال: گوڵ دڵی هەیە.**

↓

**مەدلوولی یەکەم (۱): گوڵ/ دیاردەیەکی سروشتە.**

↓

**مەدلوولی دووەم (۲) هەست و سۆز بەپەرچدانەوەی زۆرداری و دەست درێژیی.**

**- لەم وێنە میتافۆرییەدا، گوڵ سیمای < +مرۆڤ،+ ڕەگەز، گەنجیەتی > ی وەرگرتووە.**

لە وێنەیەکی تردا، سیمای پرچ دەدات بە (تاڤگە)، بەهۆیەوە میتافۆر دروست دە کات:

* خۆزگەم بەم قەوزە سەوزە قەدیفەییە،

له ژێر **پەرچەمی تاڤگە**
هەناسەی ئارامی دەدات. (س. پ:١١٨)

{ **پەرچەمی تاڤگە** }، میتافۆرێکی ناوییە، لە دۆخی خستنەپاڵدایە، ( تاڤگە)، کە دیارخراوە،لەگەڵ (پەرچەم) دا یەکناگرێتەوە،کە دیارخەرە، پەرچەم لە مرۆڤ خوازراوە و دراوە بە تاڤگە.

سیمای بە مرۆڤکردن، هۆکارێکی گرینگە کە شاعیران بە رێژەیەکی فراوان بۆ دروستکردنی میتافۆر پەنای بۆ دەبەن، لەم لێکۆڵینەوەیەدا، زیاتر نمونەکانمان بە کۆپلە یان دێرە شیعر نەک شیعرێکی تەواو هێناوەتەوە، چوونکە مەبەستی سەرەکی ئێمە،لە نیشاندانی میتافۆرەکان،چۆنیەتی دروستبوون و پێکهاتنیانە،لەگەڵ بەزاندنی کۆتەکان و دۆخی خستنەپاڵیاندا، چۆن شاعیر یاری بە وشەکانی زمان دەکات و واتای نوێیان پێدەبەخشێ،بۆی هەیە دواجار ئەم شێوازانە بکەونە ناو ئاخاوتنی رۆژانە و بەهۆیانەوە میتافۆری تر دروستبکرێن، هەروەک چۆن شاعیر دیاردەی جۆراو جۆر بە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ دەچوێنێت:

❖ **چەند هەورێکی هونەرمەند**

کۆبوونەوە و بوون بە باندێک،
باند دەستی کرد بە مۆسیقا ژەنین،
نۆتە نۆتە باران و خۆرەتاو دەهاتنە خوارێ،

(س.پ:٣٣)

(هونەرمەند)،لە بنچینەدا، تایبەتمەندی مرۆڤە، خراوەتە پاڵ ناوی (هەور) بەهۆیەوە میتافۆری (هەوری هونەرمەند) کە میتافۆرێکی ناوییە، دروستبووە.

❖ ئاگرو با بەسەمایەکی زۆر شێتانە
جووت دەبن،
با سا دیستان ئاگر دەکوژێت (هاوژین صلیوە:٢٠١٥: ٢٥)

شاعیر لەهەندێ شوێندا، بەهۆی ئەم ڕێگایەوە، وێنەیەکی پڕ واتای میتافۆریمان بۆ دروست دەکات:

❖ بلۆکەکانی ئەم دیوارە ڕوتەڵەیە
پەنجەکانیان ناوەتە نێو پەنجەی یەک و
باکیان نییە لە لافاوی ناوەخت و
لە ڕەشەبای ژەهراوی (س.پ:٣٣)

دال: دیواری ڕووتەڵە
↓
مەدلوولی یەکەم: هەژاری و نەبوونی
↓
مەدلوولی دووەم: خەبات و تێکۆشان

شاعیر وێنەیەکی جوانی بونیات ناوە، بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ، مەبەستە سەرەکیەکەی خۆی دەربڕیوە، (دیوار)، میتافۆرێکە بەرانبەر بە (مرۆڤ) خوازراوە،

پەنجە، بەرانبەر(ئازادی و سەربەستی)، واتە: ئەگەر ئێمەی مرۆڤ دەستمان لەناو دەستی یەکدی بێت و پشتی یەک بگرین و خیانەت لە نیشتیمان و نەتەوەکەمان نەکەین، ئەوا هیچ هێزێک ناتوانێ لە ناومان بەرێت، تەنانەت باکمان نییە لە هەر ڕووداو و پێشهاتێکی نەخوازراو، وەک چۆن بلۆکەکانی دیوار کە تێکهەڵکێشی یەکتر بوون، هەرچەندە لەبغ نەکراون، بەڵام یەکتر بەرنادەن و نەبوونی و هەژاری کاریان تێناکات.

(رووتەڵە)، ئاوەڵناوێکی داڕێژراوە، لە ڕووی وشەسازییەوە بەمجۆرە پێکهاتووە: (ڕووت + (_ ەڵە) ـــــــ ڕووتەڵە، ئاوەڵناوی ڕووتەڵەش لە بنچینەدا، لەگەڵ (دیوار) هاوڕێیەتیان نییە، بەڵکو بۆ وەسفکردنی هەندێ دیاردەی تر بەکاردێت، بەڵام شاعیر مەرجی هاوڕێیەتی بەزاندووە، لادانێکی واتایی دروستکردووە، لە بەرئەوەی لە واقیعدا (دیوار) نە جلوبەرگی لەبەردایە، نەخوری یان گەڵا.. هتد، داپۆشیوە، تاوەکو بە ئاوەڵناوی ڕووتەڵە وەسفی بکرێت. بەڵکو ڕووتەڵە لە بنچینەدا بۆ وەسفکردنی گیانلەبەر و مرۆڤ بەکاردێت.

(**ڕەشەبای ژەهراوی**)، میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە، بەهۆی لادان لە مەرجی دروستی پێکهاتووە، لە فەرهەنگی زماندا (ڕەشەبا) و (ژەهراوی)،

هاوڕێیەتییان نییە، لە پێشتردا، بەمجۆرە ڕیز نەبوون، واتە لەباریی ئاساییدا، ئەم دوو کەرەستە زمانییە، هاوڕێ نین و لە پاڵ یەکدیدا نایەن ، بەڵام لەم وێنە میتافۆرییەدا، بە واتای ڕەشەبایەکی کاولکارو شووم دێت.

لەم دەستەواژە میتافۆرییەدا، توانستی شاعیر لە پەیوەستکردن و لە دایکبوونی واتاکان لە یەکدییەوە دەردەکەوێت، هەروەها توانای داهێنانی وێنەی ئەودیوی هزر، بەهۆی دۆزینەوەی ڕوکاری وردی لێکچوونی نێوان دیاردەکان.

هێڵکاری وێنە میتافۆرییەکە:

**دال: ڕەشەبای ژەهراوی.**

↓

**مەدلوولی یەکەم (١):ڕەشەبا بارودۆخێکی نائاسایی کەش و هەوایە، لە هەندێک بارودۆخدا، ڕەشەبای بەهێز کاولکەر و لەناوبەرە، بۆیە شاعیر بە (ژەهراوی) وەسفی دەکات.**

↓

**مەدلوولی دووەم (٢): یەکگرتن مرۆڤ ، بەسەر هێزی خراپەدا سەردەخات.**

**واتای ناوەکیی ئەم دەستەواژە میتافۆرییە، بۆمان دەردەخات: کە ڕەشەبا، سیمای (+مرۆڤ، + هێزی لەناوبەر + هێرشبردن) ی وەرگرتووە, وەک**

**هێزێکی دڕندە وایە لە هێرش برددندا، دیوار، سیمای مرۆڤی هەژار و خەڵکی ئاسایی وەرگرتووە، (هێز لە یەکێتی دایە).**

❖ **زاوای ئاسمان گەشایەوە و**

**پۆلێ مەل ئاهەنگیان گێڕا (س.پ:٣٤)**

**(زاوای ئاسـمان)،میتـافۆرێکی ناوییـە، دیارخـەر و دیارخراو، هاوڕێیەتییان بەیەکەوە نییە؛ بەهۆی لادان لـە مـەرجی دروسـتی و چۆنیـەتـی خـراوەتنـە پـاڵ یەکترییەوە.**

**ـ بە ئاژەڵ کردن: بریتییە لە پێدانی سیمای{ + ئاژەڵ } بە { ـ ئاژەڵ }.**

❖ ئەمە **گاڕەشی شەوە،**

**مانگا شەوی** ساماڵ نییە

تیـشک و تریفـەی شـیری ڕووناکیمـان بـداتێ. (س.پ:١٥)

هەریەک لە دەستەواژەکانی (**گاڕەشی شـەو، مانگا شـەو، شـیری ڕوونـاکی**) چـەند میتـافۆرێکی نـاوین، بـەهـۆی لادان لـە مـەرجـەکانی دروسـتی و چۆنیـەتـی دروسـتبوون، شــەو بـە گـاڕەش و مانگـا چـوێنراوە، تریفـە و مانـگ هاوڕێیـەتییـان هـەیـە، نـەک تریفـە و شیر.

شـاعیر، سـودی لـەوشـەی (مانگـە) ـــ (مانگـا)

وەرگرتووە، (مانگە شەو) ــ (مانگا شەو) کە یەکەم بەواتای (هەیڤ) دێت، دووەم بە واتای (ئاژەڵ) دێت، لە شێوە و ڕوخساردا، سیمای دروستبوونیان زۆر نزیکە، بۆیە بەم شێوەیەی بەکارهێناون.

بەهۆی هێلکارییەکەوە،ئەم وێنە میتافۆرییە ڕون دەکەینەوە:

**دال: گارەشی شەو**

**مەدلوولی یەکەم (١): تاریکی و ترسناکی.**

**مەدلوولی دووەم (٢): بارودۆخێکی نالەبار.**

شاعیر، بەراوردی نێوان ساماڵ و شەو، گا و مانگا، ڕەش و سپی دەکات.

واتای ناوەکیی، ئەم وێنە میتافۆرییە بۆمان دەردەخات، کە شەو، سیمای <+ ئاژەل،+ ڕەنگ، +قۆچ، + ڕەگەزی نێر > ی وەرگرتووە.

وێنە میتافۆرییەکە دەربڕی بارودۆخێکی نالەبارە، ڕەشبینی شاعیر دەردەخات، هەردوو میتافۆری (گارەش) و (مانگاشەو)، وەک دوو ڕەمز بۆ (ڕەشبینی) و (گەشبینی) بەکارهاتوون، هەروەها تاریکی وەک شەوەزەنگ بەرانبەر ناخۆشی، شیر

بەرانبەر گەشەسەندن و ژیان هاتوون.

❖ ڕۆحی منیش ماسی سۆزە بە نێویا نقوم دەبێ
ویەکە یەکە ڕەنگە ئاوێتەبووەکان ماچ دەکات،
لەناکاوێ پەلکە زێڕینە بەرزدەبێتەوە و
دەبێتە ملپێچی شاخێکی ڕیش سپی، (س.پ:٢٨)

(ڕۆح)، دیاردەیەکی ئەبستراکتە، (ماسی)، گیانلەبەرە، رۆح بە ماسی چوێنراوە،(ماسی سۆز)، میتافۆرێکی ناوییە، ماسی، سیمای < + گیانلەبەرێکی ئاویی، + ئاو، + جوڵە > ی هەیە، دراوەتە پاڵ (سۆز)، کە ناوێکی واتاییەو بەرجەستە نییە.

شاخێکی ڕیش سپی: میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە (شاخێک بەفری بەسەرەوە بێت)، لەدونیای ڕاستەقینە دا، شاخ ڕیشی نییە، بەڵام ئەمە مەبەستە ڕاستەقینەکەی شاعیر نییە، بەڵکو شاعیر بەمەبەست ئەم وێنە میتافۆرییە (شاخێکی ڕیش سپی) بەکارهێناوە، کە مەبەست لێی (تەمەن و ئەزمون و دونیابینی)یە.

شاخ: میافۆرێکە بۆ سەرکەشی و خۆڕاگری .

**ریش سپی:** میتافۆرە، بەرانبەر، تەمەن، ڕێز، بەڕێوەبردن.

لەم دێرە شیعرەی خوارەوەدا،شاعیر خۆی لە گەڵ (ماسی) دا بەراورد دەکات:

❖ من ماسیەکی چکۆڵەم

له دەریـــای خەم و خەفەت و غــوربەت دا نـــاژیم
(س.پ:٦٧)
شـــاعیر بەهـــۆی بەکارهێنانی،جێنـــاوی خـــۆیی (من)،سیمای [+ ماسی ] ی به خۆی داوه.
هەندێکجار،شـــاعیر،کۆمەڵێک ئـــاژەڵ و باڵنـــده،وەک سـیفەت دەداته پـــاڵ دیاردەکـــانی تـــرو کـــردەی به ئاژەڵکردن ئەنجامدەدات:

❖ کاتێ پۆله **تەیری وشه**
بەسەر **تەنافی خەیاڵدا** دەنیشنەوه،
جۆرەها رسته دروست دەبێ
**رستەی سپی** کۆتری
**رستەی رەشی** قەڵه رەشی
**رستەی سەوزی** قەزوانی
**رستەی زەردی** باشوکەیی (س.پ:٧٤)

شـــاعیر ســـیمای [+ تەیـــر ] ی داوه به وشـــه، هەروەهـــا ســـوودی له ئاوەڵنـــاوی رەنـــگ بـــۆ دروستکردنی میتافۆرەکانی (**رستەی سپی، رستەی رەش، رستەی سەوز، رستەی زەرد**) وەرگرتووه.
{ **تەیری وشه**} میتافۆره، هەریەک له میتافۆرەکانی رستەی سپی، رستەی رەش، رستەی سەوز، رستەی زەرد، بـەهـۆی گواسـتنەوەی واتاییـەوه، لـه بـواری بەرجەستەوه بۆ بواری ئەبستراکت، دروستبوون.
{ **تەنافی خـەیاڵ** }، میتـافۆرێکی ناوییـه، دیـارخراو

(تەناف) ناوێکی بەرجەستەیە، خراوەتە پاڵ دیارخەر (خەیاڵ)، کە ناوێکی واتاییە.

❖ خەنجەر ماسییەکی قرشە و
لە ڕووباری خوێنینی مێژووەوە هاتووە و
گەرا دەخاتە نێو ئەقڵی قەراغ و کەناری کورت بین
(س.پ:١١)

وێنە میتافۆرییەکە: (ڕووباری خوێنین)

دال: ڕووباری خوێنین
↓
مەدلوولی یەکەم: ترسناکی ـ کوشتن ـ خوێن ڕشتن
↓
مەدلوولی دووەم: ڕزگاربوون، سەربەخۆیی.

خەنجەر بە ماسی قرش چوێنراوە (شێوەی خەنجەریش لە ماسی دەچێ)، وێنە میتافۆرییەکە، بەهۆی ماسی قرشەوە دروستبووە، لە بەرئەوەی ماسی قرش واتای هێرش بردن و زۆرداری و بێ بەزەیی دەگەیەنێت، (**ئەقلی قەراغ**)، میتافۆرێکی ناوییە، بەهۆی گواستنەوەی واتاییەوە لە بواری مێشک و بیرەوە بۆ (قەراغ)، دروستبووە، واتە: عەقلێکی ناکامڵ و پێنەگەیشتوو، عەقڵێک قوڵبوونەوەی بۆ شتەکان نییە.

* پەرچەمت باڵی کۆترێکی ڕەشن

(پەرچەم)، لەسەر بنەمای لێکچوون، بە باڵ چوێنراوە.

٥ ـ **بە رووەککردن**: بریتییە، لە پێدانی سیمای [+رووەک] بە [ـــــ رووەک] (دلێر سادق: ٢٠٠٩:٤٣).

❖ جووت مەمکۆڵەت
وەک دوومەڵان
خێوەت هەڵدەن لە بناریێ (س.پ: ١١٣)

شاعیر (مەمک) ی بە (دوومەڵان) چواندووە، کە جۆرە کەڕوێیکە، لە بەهاراندا، لەشوێنێکدا سەرهەڵدەدات و هەڵدەتۆقێت.

زۆر جار شاعیر بۆدروستکردنی میتافۆر، سوود لە رێگای بە (ڕووەککردن) وەردەگرێت، ئەم شێوازە لە شیعری کۆن و نویدا،بەکارهاتووە، بۆنموونە:

❖ هەلاق خانە وەرزی پایزە
ئێمە درەخت و مەقەست و ڕەشەبا و
قژمان گەڵای وەریوە ( س.پ:١١٥)

شاعیر بەهۆی ڕێبازی میتافۆرەوە بەراوردی لەنێوان تاشینی قژ وهەڵوەرینی گەڵا و مرۆڤ و مقەست و ڕەشەبادا کردووە، هەروەها لە نێوان مقەست و ڕەشەبادا، چۆن ڕەشەبا گەڵا دەوەرێنێ، مقەستیش قژی ئێمە دەتاشێت، مرۆڤ بە درەخت چوێنراوە.

❖ بەیانیان خۆر چرۆ دەکا و لق و پۆپی پەرت دەبێتەوە و دونیا دەکات بە گەلاجاڕی تیشک.

(گەلا)، ناوە، (گەلاجاڕ) ناوی شوێنە: داڕێژراوە، خراوەتە پاڵ (تیشک) , (گەلاجاڕی تیشک)، میتافۆرێکی ناوییە، لەبەرئەوەی لە دونیای ڕاستەقینەدا،(تیشک) گەلا ناگرێت، میتافۆرەکەش بەهۆی گواستنەوەی واتاییەوە دروست بووە.

❖ درەختی ئاسمان

کاتێ گەڵای بەفر دەوەرێنێ،

سەراپای زەوی یەک بۆن دەیگرێ،

بۆنی پاییزێکی سپی. (س.پ:١٦٣)

جۆرە ناتەبایی و پێکدادانێکی واتایی دەبینرێت، کۆتی واتایی بەزێنراوە، بەیەکەوە هاتنی وشەکان، لەگەڵ یەکدیدا، مەرجی هاوڕێیەتیان بەزاندووە، وتنەکە لە بنەمای دروستی لایداوە، (ئاسمان) درەخت نییە و (بەفر)، گەلا ناگرێت، لە میتافۆری (گەڵای بەفر) دا، دیارخەرو دیارخراو، پەیوەندییان بەیەکەوە نییە.

شاعیر لە میتافۆرەکانی (درەختی ئاسمان)،(گەڵای بەفر)، (پایزی سپی) دا، باسی وەرزی زستان دەکا، دەشکرێت، هێماش بێت بۆ تێپەڕینی تەمەن و وەرزی پیربوونی مرۆڤ.

دال: پایزی سپی

↓

مەدلوولی یەکەم: وەرین و زەردهەڵگەڕانی گەڵا

↓

مەدلوولی دووەم: پیربوون و بەسەرچوونی تەمەن، بێ ئومێدبوون.

- **بە ئەبستراکتکردن:** بریتییە،لە پێدانی سیمای [+ ئەبستراکت ]، بە [ نا ئەبستراکت ]، ئەمەش شێوازێکی ترە،کە شاعیر بۆ دروستکردنی میتافۆر سوودی لێ وەردەگرێت:

❖ خۆشەویستیم سارد بۆتەوە،
بە ماچە گەرمەکانی تۆ،
شیرتێن دەبێتەوە،
خۆشەویستیم
ترش و ئاڵۆزە،
بە ماچە شیرینەکانت مێخۆش دەبێتەوە.
خۆشەویستیم ئاجوغ بۆتەوە،
بە خۆرەتاوی ماچەکانت
سەوز و تۆخ دەبێتەوە. (س. پ:١٢٢).

شاعیر بەهۆی بەکارهێنانی وشەی (خۆشەویستی)، سیمای [+ ئەبستراکت ] ی بە وشەی سارد داوە، کە خۆی دیاردەیەکی نا ئەبستراکتە، بەهۆی ئەمەش گواستنەوەیەکی واتایی لە بواری هەست و سۆز

(خۆشـەویستی)، بۆ بواری (سـارد) کە دیاردەیـەکی فیزیکییـە ئـەنجـام داوە،، مـاچی شـیرین / میتـافۆرێکی ئاوەڵناوییە.

ئـاجوغ / ئـاوەڵناوێکـە بـۆ وەسـفکردنی ڕەنـگ بـەکاردێت، کـە نـا ئـەبستراکتە، بـەڵام خۆشـەویستی دیاردەیەکی ئەبستراکتە،بەهۆی ئـەمـەش سیمای [+ ئەبستراکت ] ی بە وشەی (ئاجوغ) داوە.

❖ لە تاریکی ئەم دونیا ڕەشەدا،
هەنگاو هەنگاو،
دێمـەوە بـن فـەوارەی شـەقامـەکـانی تـەنیـایی،
(س.پ: ٨٠).

(شەقام) دیاردەیەکی نا ئەبستراکتە، بـەڵام بـەهـۆی بـەکارهێنـانی وشـەی (تـەنیـایی)، شـاعیر سـیمای [ + ئەبستراکت ] ی پێداوە.

❖ دڵۆپ دڵۆپ
مۆسیقای خۆشەویستست
دەڕژێتە فنجانی دڵمەوە، (س.پ:١٦٢)

خۆشەویستی دیاردەیەکی ئەبستراکتە، دراوەتە پاڵ مۆسـیقا، کـە دیـاردەیـەکـی فیزیکییـە، (مۆسـیقای خۆشەویستی)، میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە، (فنجـانی دڵ)، میتـافۆرێکی ناوییـە، وشـەی (فنجـان)،لـە بنچینـەدا، بـۆ وەسفکردنی قاوە، نەک (دڵ) بەکاردێت.

٧ ـ **به ڕەوانکردن:** بریتییە لە پێدانی سیمای [+ ڕەوان ] بەو وشانەی کە سیمای [ ــ ڕەوان] یان هەیە.

❖ زمان ڕووبارێکە،
بەخوڕ دەبێ و
لێڵ دەبێ و
بەڵام قەت وشک ناکا.

دال: زمان ڕووبارێکە
↓
مەدلوولی یەکەم: ئاخاوتن و گفتوگۆ
↓

مەدلوولی دووەم: ڕامیاری و دبلۆماسیەت، کارگێڕی و بەڕێوەبردن.

شاعیر سیمای [ + ڕەوان] ی بە زمان داوە، بەهۆی سوود وەرگرتن لە وشەی ڕووبار.

❖ زمان بارانێکە،
هەندێ جار لافاو و کاولکارە،
هەندێ جاریش شەونمی نێو چیمەن و گوڵ. (س.پ:٧١)

شاعیر سیمای [ + ڕەوان] ی بە زمان داوە، بەهۆی سوود وەرگرتن لە وشەی باران و لافاو.

دال: زمان بارانێکە

↓

مەدلوولی یەکەم: ئاخاوتن و گفتوگۆ

↓

مەدلوولی دووەم: چاکە و خراپە

**٧ ـ دژواتایی یان پارادۆکس :**

بریتییە لە بەیەکەوەهاتنی دوو وشە،کە لە زمانی ئاسایدا،بە شێوەی دژ بەکاردێن (دلێر سادق کانەبی،٢٠٠٩:٤٦).

❖ لە ڕۆژگارێکی تاریک و نۆتەکە و ئەنگووستە چاو،

مەندیلەکەی مەلای گەورە

بوو بە تریفەی مانگی چواردە

بوو بە چەمبەری خۆرەتاو،

تا هەتایە هەر زیندووە و

هەر لەبەر چاو **(س.پ.١٠٥)**

شاعیر بۆ دروستبوونی وێنە میتافۆرییەکە،سوودی لە هەردوو دیاردەی تاریک و ڕووناک وەرگرتووە، کە پێچەوانەی یەکترین, (ڕۆژگار) مەبەست لە زەمەنە، نەک رۆژی ڕووناک، تاریکی هێمایە بۆ دواکەوتوویی و نەخوێندەواری، (مەندیل)، ڕەنگی

سپییە و لێرەدا بۆ زانست و بیری ڕووناک خوازراوە، کە مەبەست خوێندەوارییە.

چەمبەری خۆرەتاو: واتە بازنەی خۆرەتاو، واتە مەندیلی مەلای گەورە، وەک خۆرەتاو تیشک و ڕوناکی زانستی لێ بەردەبۆوە.

❖ زمان کتێبێکی گەورەی مێژووە،
چەندی ڕاست و چەندی درۆ. (س.پ:٧٨)

شاعیر وێنەیەکی پارادۆکسی لەسەر بنچینەی {ڕاست و درۆ}، دروستکردووە.

❖ زمان ڕۆژێک بەرماڵی نوێژکەرێکە،
ڕۆژێک دەستەسڕی دەرۆزەکەرێکە،
ڕۆژێک لەچکی کچێکە،
ڕۆژێک قوماشی پەردەی مەیخانەیەکە،
ڕۆژێک تیخی شمشێرە و
رۆژێکیش لە لباد نەرم تر. (س. پ:٧٠)

وێنە پارادۆکسی یەکە لەسەر بنچینەی { تیخی شمشێر و لباد } دروستبووە، ڕەقی و نەرمی، تێژی و کولی (نەبڕین)، شاعیر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەستەسەرەکییەکەی دەربڕیوە، لە بواری کۆمەڵایەتیدا، بەهۆی بەکارهێنانی وێنەی میتافۆرییەوە باسی زمان دەکان لە ڕووی ناوەرۆکەوە، نەک وەک ئەندامێکی ناودەم لە ڕووی

فسیۆلۆجییەوە.

لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، هەر تاکێک زمان بۆ بوارو پیشە و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاردەهێنێ.

❖ چرای دڵم دائەگیرسێ

بۆ ڕووناکی تاریکی ڕێت. (هاوژین صلێوە: ٢٠١٥:٨٠)

لەم وێنەیەشدا، سوود لە هەردوو دیاردەی تاریکی و ڕووناکی بۆ دروستبوونی میتافۆرەکە، وەرگیراوە

❖ خەمەکانم باوەشێن کە،

با پەنگرەکانی تەمەنم

زوو بن بە خۆڵەمێشی نامۆیی (هاوژین صلێوە: ٢٠١٥:٦٢)

دال: پەنگرەکانی تەمەن، خۆڵەمێشی نامۆیی

|

مەدلوولی یەکەم: گڕو کڵپەی ئاگر، ماوەی ژیان.

|

مەدلوولی دووەم: گەنجیەتی، پیریی.

(پەنگر)، گەرمە و (باوەشێن)، بۆ فێنک بوونەوە بەکاردێت.

❖ زمان کتێبێکی گەورەی مێژووە،

چەندی ڕاست و چەندی درۆ. (٧٨)

شاعیر وێنەیەکی پارادۆکسی لەسەر بنچینەی

{ڕاست و درۆ}، دروستکردووە.

## - بەشەکانی ئاخاوتن:

شاعیر هەندێ جار سوود لە بەشـەکانی ئاخـاوتن وەردەگرێـت، بـەهۆیـەوە وێنـەی میتـافۆر دەهێنێتـە کایەوە، لێرەدا چەند نموونەیەک دەهێنینەوە:

### ناو:

هـەنـدێکجار، شـاعیرناوی سـادە یـان داڕێـژراو و لێکـدراو، بـە واتـای ناڕاسـتەوخـۆ بـەکـاردەهێنێـت و بەهۆیەوە میتافۆری ناویی دروست دەکات، وەک:

❖ زمان جاڵجاڵۆکەیەکە،
بە تەونی پەیڤ
نێچیر دەگرێ ( س.پ: ٧٠)

(زمان) / نـاوێکی سـادەی گشتییە، بـەواتـای زمـانی قسەکردن نەک ئەو ئـەندامـە فسیۆلۆژییەی کە لـەنـاو زاردا هەیە، بەکارهاتووە.

شاعییر (زمان)، بەراورد دەکات بە ( جاڵجاڵۆکە).

تەونی پەیڤ / دەستەواژەیەکی میتافۆری ناوییە.

شـاعیر سـیمای < + تـەون > ی بـە (پـەیـڤ) داوە، بــەهــۆی ئــەمــەش میتــافۆری (تــەونــی پــەیــڤ) ی دروستکردووە، بەهۆی گواسـتنەوەی وشـەی (تـەون) لـە بـواری رسـتن و چنینـەوە، بـۆ بـواری دەنـگ و ئاخاوتن، لەم میتافۆرەدا، دیارخراو، لەگەڵ دیارخەردا

نـاگونجێ و هاوڕێیـەتییـان نییـە، بـەڵام لـە زمـانی شیعردا، ئەم جۆرە دەربڕینانە دەبینرێ.

❖ لەدوای قەیرێک ڕۆدەچێت و
دەبێتە پشدێنی کچە شاخێکی سەوز و
لەکەمەری دەئاڵێ و
هەموو زنجیرە شاخەکان
سەرسام و عاشق دەبن... (٢٨)

(کچە شاخ) / ناوێکی لێکدراوە، میتـافۆرێکی ناوییـە بەم شێوەیە پێکهاتووە (کچ + ە + شاخ).

شـاخ، لـەبواری واتـایی خـۆی گـوێزراوەتـە وە بـۆ بوارێکی تـر، (کـچ) سیمای (– بـێ گیـان) ی پێـدراوە، لـەسـەر بنـەمـای بـەکـەس کـردن وشـەی شـاخ تایبـەتمـەنـدی مرۆڤـی وەرگرتـووە، لـە دونیـای ڕاسـتەقینـەدا و لـەئاسـتی واتـای فـەرهـەنگیدا، (شـاخ) نـابێ بـە (کـچ) و سـەرسـام و عاشـق نـابێ، کـە دیـارە ئـەمـە مـەبـەسـتە ڕاسـتەقینـەکـەی شـاعیر نییـە، بـەڵکو وشـەی (شـاخ) لێـرەدا خـوازراوە بـۆ واتایـەکـی تـر و مەدلوولێکی تری وەرگرتووە.

❖ خۆرەتاو ڕوومەتی دەریا ماچ دەکات،
دەریاش بەشێک لە هاڵاو و هەناسەی
خۆشەویستی خۆی پێدەبەخشێ (س.پ: ٢٤)

لە ئاسـتی واتاسـازی و ڕووکـەشـدا، شـاعیر باسـی دوو دیـاردەی سروشـت (خـۆرەتـا و دەریـا) دەکـات.

بەڵام شاعیر لە بناغەی قووڵدا، مەبەستێکی تری هەیە و دەیەوێت، خۆشەویستی بەرانبەریی دوو کەسی هاوتامان بۆ بەیان بکات و پێمان بڵێ، هەریەکەیان بەخشندەن و بۆ خۆشەویستییەکەیان هەوڵدەدەن و تێدەکۆشن.

(ڕوومەتی دەریا) / دەستەواژەیەکی لێکدراوە، میتافۆرێکی ناوییە.

خۆرەتاو / ئاماژەیە بۆ ڕووناکی، سەوزبوون، گەشانەوە، گەورەیی و ژیان.

دەریا / ئاماژەیە بۆ: ئاو، زەوی، فراوانی، قووڵیی.

مەدلوولی دووەمی خۆرەتاو / مرۆڤێکی گەورەو میهرەبان و بەخشندە.

مەدلوولی دووەمی دەریا / ئارامی، بەردەوامبوون، ژیانەوە، ڕەگەزی مێینە.

❖ تا چاو بڕکا خۆشم دەوێی
ئەی شا کچی چاو پەلکە گیا (س.پ:١٩)

(چاو پەلگە گیا) / میتافۆرێکی ناوییە، لە دونیای ڕاستەقینەدا، چاو نابێ بە پەلکە گیا، لەسەر بنەمای بە ڕووەککردن دروستبووە. هێمایە بۆ چاوێکی جوان یان سەوز و شین.

دال: چاو پەلکەگیا
↓
مەدلوولی یەکەم: چاوی سەوز
↓
مەدلوولی دووەم: جوانی، گەنجییەتی، بەهار.
(تا چاو بڕکا خۆشم دەوێی: واتە زۆرم خۆش دەوێی).

❖ لە خەونمدا ماچەکانم
بە پەیژەی پەلکەکانت سەردەکەوتن،
کە دەگەینە
سەر ڕوومەتە لووسەکانت
هەڵدەخلیسکان و دەکەوتن. (هاوژین صلیوە: ٢٠١٥: ٢١)
پەیژەی پەلکەکانت: میتافۆرێکی ناوییە، بەهۆی لێکچوونی شێوەی کەزی و پەیژە دروستبووە.
❖ ناخم پڕە لە پەپوولە
سەرگەردانم بۆ گوڵی ڕووت،
بە شنەی **شەماڵی عیشقم**
پەرچەم لە سەر کوڵمت بزووت (س.پ: ٢٣)
پەیوەندی نێوان ناخ و پەپوولە، لەسەر بنەمای باڵ و جووڵە و پاکی و حەز و ئارەزوو. دامەزراوە. (گوڵی ڕووت)، میتافۆرێکی ناوییە، جوانی و ناسکی و

گەشی و گەنجی.

(شنەی شەماڵی عیشقم)، میتافۆرێکی ناوییە، فێنک و هێواش و خۆش و ئارامی.

❖ لە نێو هاوێنەی چاوانتا
ڕووخساری خۆمم بینیوە،
میناتۆری عیشقی تۆ بوو
وێنەی منی
لە دیدەتا هەڵکۆڵیوە (س.پ: ٢٤)

(هاوێنەی چاوان)، میتافۆرێکی ناوییە. (هاوێنە + چاو + ان)

میناتۆر: ڕەمزێکە، بۆ نیگار و نەخشی ورد.

شاعیر: زیادڕەوی کردووە، لە پێداهەڵگوتنی عیشقی خۆی و کێشانی وێنە کەی لەناو چاوی یارەکەیدا.

❖ بە قەڵەمی زمانم
دەفتەری لێوەکانتم
پڕکرد لە ڕستەی ئەوین (س.پ:٤٧)

(قەڵەمی زمان، دەفتەری لێو، ڕستەی ئەوین)، سێ میتافۆری ناوین.

**ئاوەڵناو:**

❖ گەنجیم مردو
لە گۆڕستانی قژی سپی و
لەگۆڕستانی لۆچی دەم و چاوم شاردمەوە،
کە پیریشم بمرێ
جەستەم هەمووی دەبێ بە گۆڕستان.
لەنێو بەرداشی خۆرەتاو و مانگدا
ورد ورد تەمەنمان دەهاڕدرێت. (س.پ:١٧٦)

(گەنجی) ناوێکی واتاییە، دیاردەی (مردن) بریتییە لە گۆڕانێکی فیزیکی، کە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، (گۆڕستانی قژی سپی) میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە، میتۆنۆمییە، لەسەر بنچینەی بەش لە گشت پێکهاتووە، (قژی سپی) ئاوەڵناوێکی لێکدراوە، لەدۆخی خستنەپاڵدا، دراوەتە پاڵ (گۆڕستان) کە هاوڕێیەتی لەگەڵیدا نییە.(گۆڕستان) کە ناوێکی داڕێژراوە، شوێنی ناشتنی مرۆڤە، نەک بەتەنیا (قژ)، بەڵام دیارە ئەمە مەبەستە ڕاستەقینەکەی شاعیر نییە، هەریەک لە وشەکانی (مردن) و (گۆڕستان)، بەواتای ڕاستەقینەی خۆیان بەکارنەهاتوون، شاعیر باسی بارێکی مەعنەوی، نەک فیزیکی تایبەت دەکات.

(بەرداش)، ئەو بەردە گەورەیە، کە لە فەرهەنگی زماندا،بۆ هاڕینی دانەوێلە لە ئاشدا بەکاردێت، بەڵام لەم دێرە شیعرەی خوارەوەدا دراوەتە پاڵ (خۆرەتا

و مانگ).
قسەکردنی ئاسایی: هاڕینی دانەوێڵە
بەکارهێنانی شیعر: هاڕینی تەمەن
(بەرداشی خۆرەتاو و مانگ) / میتافۆرێکی ناوییە، واتە: وەک چۆن هەردوو بەردەکەی ئاش دانەوێڵە دەهاڕن، ئاواش بە بەدوای یەکداهاتنی خۆرومانگ ـ ڕۆژوشەو، تەمەنی مرۆڤ تێدەپەڕێت و وردە وردە پیر دەبێت.

❖ بە تاڤگەی جەستەی زیوینت
دەروونم سپی سپی بکەرەوە
لە دووکەڵی کورەی ڕەشی ئەم دڵە سووتا و شێواوەم.

جەستەی زیوین / ئاوەڵناوێکی لێکدراوە، میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە،(ناوێکی سادە + ناوێکی داڕێژراو)

دڵی سووتاو / ئاوەڵناوێکی لێکدراوە، میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە،(ناوێکی سادە،

زیوین / ئاوەڵناوێکی داڕێژراوە (زیو + پاشگری(ین))، تایبەتە بە وەسفکردنی هەندێ کانزا، بەڵام شاعیر بۆ بوارێکی تری گواستۆتەوە {جەستەی زیوین }، جەستە + ی + زیوین، سیمای تەن بە جەستە دراوە.

(دڵ) / لەڕووی مەعنەوییەوە سووتاوە، نەک فیزیکیی.
دەروون / تەن نییە تاوەکو بتوانین سپی بکەینەوە، وتنەکە بنەمای دروستی بەزاندووە.

❖ لەنێو شەپۆلی چڕنووکی خەمدا،
هاواری چۆلەکەی ئازار(هاوژین صلێوە: ٢٠١٥: ٦٦)
چڕنووکی خەم / میتافۆرێکی ئاوەڵناویی ـ لێکدراوە.
چۆلەکەی ئازار / میتافۆرێکی ئاوەڵناویی ـ لێکدراوە.

❖ وەرە وەک جاران
سەرخۆشم کە بە شەرابی خۆشەویستیت (هاوژین صلێوە: ٢٠١٥: ٦٦)
(شەرابی خۆشەویستی)، میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە، دیاردەی مەعنەویی جێگای دیاردەی فیزیکی گرتۆتەوە. دیارخراو + ی + دیارخەر (شەراب + ی + خۆشەویستی)
شەراب / ناوێکی بەرجەستەیە.
خۆشەویستی / ناوێکی واتایی یە.
بەراوردی بارودۆخی ئێستاو جاران دەکات، مەیلی گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو تێدایە.

❖ وڵاتم پڕپڕە لە بۆنی غەریبی
وەکو جاران بەهار دڵشادم ناکا، (س.پ: ٦٧)
(بۆنی غەریبی)، میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە.

❖ ترپە ترپی ئازار
لە ئەشکەوتی تەنیاییمدا دادەتکێ،
شەمشەمە کوێرەی خەم نەبێ،
هیچی تری تیا نابینم (هاوژین صلیوە: ٢٠١٥:٣٩)
(شەمشەمە کوێرەی خەم)، میتافۆرێکی ئاوەڵناوییە.

❖ پەنجەی شینی قەڵەمێکی فرمێسکاوی
ڕوومەتی کاغەزی تەڕ دەکرد، (س. پ: ٧٥)
دال: قەڵەمێکی فرمێسکاوی
↓
مەدلوولی یەکەم: گریان و پەژارەی ڕۆشنبیرێک
↓
مەدلوولی دووەم: مەینەتی و نەهامەتی
(ڕوومەتی کاغەز) / میتافۆرێکی ناوییە.

❖ نارین هاوسەفەری
ڕێگا دڕکاوییەکەی ژیانم،
ڕین خورپەی دڵم،

ژین سۆزی دەروون،
ئێوەم نەبێ کەپری ئاسوودەیم
ئاگری نامۆیی دەیسوتێنێ...

(ڕێگای دڕکاوی ژین، کەپری ئاسوودەیی، ئاگری نامۆیی) سێ میتافۆری ئاوەڵناوین.

## ـ کار:

*ئەستێرەش زاوزێ دەکەن،
ئەوەتانێ بەهاران وەک پورە هەنگ
شەوق و ڕەوقیان هەموو ئاسمان دەتەننەوە
بەزستانان هەندێکیان دەمرن،
هەندێکی تریان دەچنە سووری متبوونەوە، (س.پ:٤٥)

(زاوزێکردنی ئەستێرە، مردنی ئەستێرە) میتافۆرن، هەریەک لە بکەرەکانی ئەو مەرجەیان تێدا نییە،کە کاری (زاوزێ کردن، مردن) داوای دەکەن.

مەرجی هەڵبژاردن بەزێنراوە، کرداری زاوزێ کردن، پێویستی بە بکەرێکە، کە سیمای < + گیاندار، + جەستە، + زیندەوەر، + پیتاندن > ی تێدابێت، بەڵام (ئەستێرە) ئەم مەرجانەی تێدا نییە.

هەندێکجار،بەهۆی دیاردەی پێچەوانەکردنەوە، شاعیر چەند بارێکی نامۆ بەیەکدەچوێنێ و میتافۆر دروست دەکات.

❖ ئاسمان پێدەشتێکی بەرینە،
خۆرەتاو کانیاوێکی ڕوونە،
هەورەکان چیاو گردۆڵکەن
ئەستێرەکانیش کەو و سوێسکەن.
زەوی ئاسمانێکی بەرینە،
چیاکان هەور و هێڵن،
کانیەکان مانگە شەون،
پەلەوەر و ئاژەڵەکان
ئەستێرەی درەوشاوەی تێکەڵن. (س.پ: ٣٧)

شاعیر، بەراوردی نێوان (ئاسمان و پێدەشت، خۆرەتاو و کانیاو، هەور و گردۆڵکە، ئەستێرە و کەو و سوێسکە) ی کردووە، بەهۆی بەراوردکردنی چەند دیاردەیەکی نامۆ، خوازەی زمانیی دروستکردووە.

❖ پەنجەکانم موتوربە کە بە پەنجەکانت
ئێستا من بوویم بە لوتکەی غوربەت و
ئاڵای نیگەرانی لەسەرم دەشنێتەوە،
پێدەشتی ئەوینم سەرتاپا ئاگر
نامۆییم وەک ژیشک لە قاوغی ناوم،
نامۆیم بووە بە کەلەپچە و
باسکی دڵمی تۆق کردووە.
وەک شوشە شەرابێکی کۆنەساڵ
پڕپڕم لە تەلیسمی مەستی !!!
پایز لە ناخما گرمۆڵە بووە و

سالڕێزانمه   (هاژین صلێوه: ٦٨:٢٠١٥)

موتوربەکردن، لە بنچینەدا، تایبەتە بە ڕووەک، گوێزاوەتەوە بۆ پەنجە، بەهۆی ئەمەش میتافۆری (موتوربەکردنی پەنجە) پێکهاتووە. (گرمۆڵەبوونی پایز)، میتافۆرێکی کارییە، وشەی گرمۆڵە بوون لە بنچینەدا، بە واتای کرژبوون و کۆم بوونەوە بەکاردێت، نەک پایز، کە یەکێکە لە وەرزەکانی ساڵ.هەروەها شاعیر، بەهۆی بەکارهێنانی جێناوی (من)، بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ باس لە بارودۆخی خۆی دەکات و چەند میتافۆرێکی دروستکردووە وەک (لووتکەی غوربەت، ئاڵای نیگەرانی، پێدەشتی ئەوین)، چەند ڕستەیەکی میتافۆریی:

(ئێستا من بوویم بە لوتکەی غوربەت، ئاڵای نیگەرانی لەسەرم دەشنێتەوە، پێدەشتی ئەوینم سەرتاپا ئاگر، نامۆیم وەک ژیشک لە قاوغی ناوم، باسکی دڵمی تۆق کردووە).

- چۆلەکەیەک لەنێو سینگما دەفڕێ،

تا نەگاتە سەر درەختی گۆڕستان

نانیشێتەوە   (س. پ:٤١)

بەراوردکردنی (چۆلەکە) بە (دڵ)، شاعیر باسی بارودۆخێکی نائارامی دڵ دەکات، کە چۆن وەک چۆلەکەیەکی ترساو هەڵبەزین و دابەزین دەکات

بەهۆی کێشە یان ئازارێکەوە.

**ئەنجامەکان:**

لە کۆتاییدا، دەتوانیین، چەند ئەنجامێک بخەینە ڕوو:

١ـ شاعیر تاڕادەیەکی باش توانیویەتی وێنەی میتافۆری تازە بونیات بنێت و چەند واتاو چەمکێکی تازە، بەهۆی دەربڕینی ناڕاستەوخۆ بخاتە ناو زمانەوە، بەتایبەتی لە پێچەوانەکردنەوە و گۆڕینی دیاردەکانی سروشت و ئاڵوگۆڕکردنی هەستەکان، کە لەشیعری نوێدا باوە، بەڵام ڕەنگدانەوەی شێوازی تایبەتی خۆی پێوە دیارە.

٢ـ هەرچەندە، لە میتافۆردا، گواستنەوەی واتایی هەیە و وشە بە واتای نا ڕاستەوخۆ بەکاردەهێندرێت، بەڵام لە زۆربەی میتافۆرەکاندا، کە شاعیر بەکاری هێناون، پەیوەندی لێکچوون لەنێوان واتای بنەڕەتی و واتا خوازراوەکەدا بەدی دەکرێ، بۆ نموونە: (ڕوومەت) و (سێو)، لە جوانی و ناسکیدا، (گیتار) و (شەپۆڵ)، لە جووڵە و لەرەلەردا...هتد.

٣ـ توانیویەتی تاڕادەیەکی بەرچاو، لادانی واتایی ئەنجام بدات و لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانە هەڵگەڕێتەوە، مەبەستەکانی بە شێوازێکی تر بخاتە

ڕوو، ئەو وشە و ڕستانەی کە لە ئاخاوتنی ئاساییدا بەکاردەهێندرێن، مەدلوولی تر وەربگرن، هەروەها بە پێچەوانەشەوە، توانیویەتی سوود لەو میتافۆرانە وەربگرێ، کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردێن، لە زمانی شیعردا سوودیان لێ وەربگرێتەوە.

٤ـ توانیویەتی بەچەند ڕێگایەک، وەک (بەتەنکردن، بەکەسکردن، بە ئەبستڕاکتکردن، بە ڕووەککردن، بە ڕەوانکردن، دژ واتایی..)، لادانی واتایی ئەنجام بدات و میتافۆر دروست بکا

٥ـ لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەماندا، توانیمان ئاماژە بە ژمارەیەک دەستەواژەی میتافۆریی بکەین، وەک: (هەوری هونەرمەند، دیواری ڕووتەڵە، ڕەشەبای ژەهراوی، ڕوومەتی ئەنگوتکە هەویر، کولیچەی عیشق، شیری زەرد، هەنگوینی سپی، ڕوومەتی سێو، ڕوومەتی شەو، عودی دەریا، داسی خەیاڵ، شەقامی غەم، کەرپووچی درۆ، رەوسەی گۆڕستان، ڕستەی سپی، ڕستەی سەوز، گەڵای بەفر، پایزی سپی، چاوی خۆر، گارەشی شەو..هتد).

# سەرچاوەکان

١ـــ بەکــر عــومەر عەلــی، میتــافۆر لە رواگەی زمانەوانییەوە،نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢ـ پیتەر هالبێرگ و دانەرانی تر، ئامادەکردن و وەرگێڕانـــی ئەنـــوەر قـــادر مـــحەمەد، مەڵبەنـــدی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

٤ ـ دلێر صادق کانەبی،هەندێ لادانی زمانی لای ســێ شــاعیری نوێخــوازی کورد،نــامەی ماســتەر، چاپخانەی. خانی (دهۆک)، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

٥ـ سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا(١٩٧٠ـ ١٩٩١) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی،٢٠٠٤.

٦ ــ صباح رەشید قادر،هاوبێژی و فرەواتایی لە(گیرەکدا)،نامەی ماجستێر،کۆلێجی زمان،زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٠.

٧ـــــ کامـــل حەســـەن بەســـیر(د.)،زاراوەی کوردی،زانکۆی سلێمانی،سلێمانی،١٩٧٩.

٨ــ کامل حەسەن بەسیر، زانستی ئاوەڵواتا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨١.

٩ ـــ مـــحەمەد مەعـــروف فەتـــاح،لێکۆڵینەوە

زمانەوانییەکـــان، کــۆکردنەوە و ئامـــادەکردنەوەی شـــێروان حـــسێن خۆشـــناو، شـــێروان میـــرزا قادر،چ١،چاپخانەی رۆژهەڵات،هەولێر،٢٠١٠.
١٠ ـ هاوژین سلێوە عیسا، بنیاتی وێنەی هونەری لە شـیعری شـێرکۆ بـێکەس دا، دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.
١١ ــ هیـتلەر ئەحـمەد حەمە،وێـنەی شـیعری لای نالی،نـــامەی ماجـــستێر،کۆلێجی ئـــاداب، هەولێر،٢٠٠١.
١٢ ــ رابـح بوحـوش (د.)، اللـسانيات و تحليـل النصوص، عالم الكتب الحديث، اربد ــ
الأردن، ٢٠٠٩.
١٣ــ حـسين الحـاج حـسن،أدب العـرب فـى عـصر الجاهليـة، الطبعـة الثالثة،الؤسـسة الجامعيـة للدراسـات النشر و التوزيع،بيروت، ١٩٩٧.
١٤ ــ طـاهر احمـد الملكى،الـشعر العربـى المعاصـر روائعه ومدخل لقراته،مصر،طبع بدار
المعارف،١٩٨٠.
١٥ ــ علـي القاسـمي , مقدمـة فـي علـم المـصطلح , الجمهوريـة العراقيـة , دار الـشؤون الثقافيـة و النـشر , وزارة الثقافة والاعلام , بغداد , ١٩٨٥.
١٥ ــ مخلـوف سـيد أحمد،اللغـة و المعنـى، الـدار العربيـة للعلـوم ناشرون،منـشورات الاختلاف،الطبعـة

الاولى، الجزائر،٢٠١٠.

١٦ ـ محمد على الخولى،معجم علم اللغة النظرى، انكليزى – عربى،مكتبة لبنان،بيروت،١٩٨٢.
١٧ ــ محمد الولى، قضايا شعرية،دار البيضاء، ١٩٨٨
١٨ ـ يحيى الشيخ صالح،شعر الثورة عند مفدى زكريا،الجزائر،١٩٧٨.

## سەرچاوەی نموونەکان

ــ هاوژین سلێوە عیسا، مۆسیقای نامۆیی، چاپخانەی کەمال، دەزگای رۆشنبیری جەمال
عیرفان، سلیمانی، ٢٠١٣.
ــ هاوژین سلێوە عیسا، پاییزی نیگەرانی، چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٥.

## ملخص البحث

هذا البحث الموسوم ب (ميتافور في الشعر هاوذين صليوة)، دراسة وصفية تحليلية، وتعرض الباحثة من خلال اعتماد (المنهج الوصفي) أهمية الاستعارة ودورها في اغناء اللغة , وهدفنا من البحث بيان الأسباب التى تؤدي الى تحول المعنى و صياغة ميتافور واستخدام الكلمة بمعنى الأخر، اضافة الى المعنى الأصلي للكلمة، و وضائفها في الشعر الكردي

، ومدى امكانيتها في خلق المعنى من من جهة اخرى انعكاسها في اللغة،الكلمات و التعابير اللغوية تنتقل من الحقل الدلالي الى حقل الدلالي اخر كعامل لبناء الميتافور، وقد اختارة الباحثة عينات عشوائية من نصوص الشعرية للتحليل وهو مجموعة الشعرية (مؤسيقاى نامؤيى , ثاييزى نيطةرانى) للشاعر (هاوژين صليوة).

يتكون البحث من مقدمة و فصلين و نتائج و ملخص للبحث , فقد خصص الفصل الأول بتعريف و أنواع الميتافور و أهميته في الشعر.

أما الفصل الثاني فقد تطرقت الباحثة الى الميتافور في الشعر و الصورة الشعرية , وأوردت نماذج شعرية من الأنواع الاستعارة , وقامت بتحليلها بحسب المجالات الدلالية و العلاقة بين الدال و المدلوول الأول و المدلوول الثاني.

Abstract

The present is about Metaphor in Hawzhin Slewa's Poems, it is an analytical descriptive study that focues on semantic analysis for poetic language and metaphor.it is a lingustic-semantic analysis for the metaphoric images used in his poem , The study consists of an introduction , two parts that explain the topic in detail ,conclusion , and an abstract .The introduction talks about metaphor and its vital role in language in genaral and especially in poetic. The two parts of the study are devoted to definitions of metaphor, typs of metaphor , and metaphor in poetry. it also explains poetic image with taking some examples of metaphor in the poet's poems such as (Mosiqai Namoyi and Payizi Nigarani) to explain haw the relationship between real meaning and symbolic meaning is constructed. The

researcher also tries to innovate in explaing metaphoric expression and terms in language. Besides, the role of context in conveyig varios meaning of words according to the image and the structure of the poem is

## کورتەیەک لە ژیاننامەی نوسەر

ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا ناوی تەواوی (ڕۆژان نوری عەبـــــدوڵلا فەتحـــــوڵلا)یە، لە(٢٠-٠٦-١٩٧٦) لە شارۆچکەی(شـەقڵاوە) لەدایکبـووە، لەبنەچەدا خەڵکـی گونـــدی ئیلنجـــاغی گەورەی شـــاری کـــۆیەیە، لە ســـاڵی(١٩٨٠)ەوە لەشـــاری کـــۆیە نیـــشتەجێبوون، قۆناغەکـــانی خوێنـــدنی(ســـەرەتایی و ناوەنـــدی و ئامادەیی) لە شاری کۆیەدا تەواوکردووە، بڕوانـامەی بەکالۆریۆســی لــە بەشــی زمــانی کــوردی، کــۆلێژی پەروەردە، زانکـــۆی ســـەلاحەدین لە ســـاڵی خوێندنی(١٩٩٩-٢٠٠٠)دا بەدەستهێناوە، لە خوێندکارە یەکەمەکانی بەشەکەی بووە، لەساڵی خوێندنی(٢٠٠٠-٢٠٠١)دا، لەگەڵ کـــردنەوەی کـــۆلێژی پەروەردەی

زانكـــۆی ســــلێمانی لە شــــاری كـــۆیە، وەكــــو یەكەم(یاریدەدەری توێژەر) لەبەشی زمانی كوردی ئە و كــــۆلێژە دامەزراوە و دواتــــر بــــووە بەیەكەم بەرپرســـی(كتێبخـــانەی كـــۆلێژی پەروەردە) و لە دەستەی یەكەمی دامەزرێنەرانی كۆلێژی پەروەردەی كـۆیەی بەشـــی زمـــانی كوردیـــە، لەســـاڵی(٢٠٠٤)دا لەخوێندنی ماستەر لە زانكۆی كۆیە، كۆلێژی زمـان، بەشـــی كـــوردی وەرگیـــراوە و لە(٥-١٢-٢٠٠٦)دا بڕوانامەی ماستەری بەپلەی(زۆرباشە) وەرگرتووە، نـــامەكەی بەناونیـــشانی(فەرهەنگـــی زمـــان و زاراوەســازیی كـوردی)یە، ئـە و نـامەیە وەكـو كتێـب دووجار چاپكراوە. لەساڵی(٢٠٠٦)دا وەكو(مامۆستای یاریـدەدەر) لە كـۆلێژی زمـانی زانكـۆی كـۆیە بەشـی كوردی دەستبەكاربووە، ساڵی(٢٠٠٩) لەزانكۆی كۆیە كۆلێژی پەروەردە بەشی زمـانی كوردی لە خوێندنی دكتـۆرا وەرگیـراوە و لە هەردوو كۆڕسـی خوێندنـدا پــلەی یەكەمــی لەنێــو خوێنــدكارانی كۆڕســـەكەدا بەدەســـتهێناوە، ســـاڵی(٢٠١٤) بڕوانـــامەی دكتـــۆرای لەبواری(واتاسـازی)دا پێدراوە و تێزی دكتۆراكەشـی پلەی(نایاب)ی وەرگرتووە بەناونیشانی(ڕۆڵـی میتـافۆڕ لەدەوڵەمەنـدكردنی زمـان)دا. ئێـستا مامۆسـتایە لە

زانکۆی کۆیە کۆلێژی پەروەردە بەشی زمانی کوردی پلەی زانستیشی پرۆفیسۆری یاریدەدەرە، چەند توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لە گۆڤاری زانکۆی کۆیە و زانکۆی گەرمیان بڵاوکردۆتەوە وەک: ١-میتافۆڕ لەشیعرەکانی هاوژین سلێوەدا. ٢-پێکهاتەی زاراوەی پیشە لەشێوەزاری کۆیەدا، بەهاوبەشی لەگەڵ مامۆستا(شادان سابر شکور). ٣-فەرهەنگی بەساڵاچوان لەشێوەزاری کۆیەدا، بەهاوبەشی لەگەڵ مامۆستا(شادان سابر شکور). ٤- هێمای بازرگانی و ناولێنان لەتابلۆی شوێنکاردا. ٥-شیکردنەوەی پراگماتیکی چەند دەقێکی(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) بەپێی تیۆری کردە قسەییەکان، بەهاوبەشی لەگەڵ مامۆستا(دەریا سابیر حەمەد).